# مەسەلەی کوردو مافی شارومەندی

**ئەیوب ئەیوب زادە**

بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین، لە جیهانی ئەمڕۆدا کورد گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتە. ئەم دیاردەیە، واتە نەبوونی قەوارەیەکی سیاسی و دابەش بوون و داگیرکردنی کوردستان، بووەتە گەورەترین کارەسات لە ژیانی ڕۆحی و ماددی ئەو نەتەوەیەدا. بە وتەی دوکتۆر بیشکچی" *ئەستەمە لە ڕێگەی ئامراز و چەکی زانستییەوە وەسفی کۆمەڵی کوردەواری و کڵۆڵیی بکرێت، چونکە ووشەی زانستی بەشی ئەوە ناکات".*

*لەگەل یەکەم ڕوانین، نەتەوەیەکی دابەشکراو و نیشتیمانێکی داگیرکراو سەرەنجت بۆ خۆی رادەکێشێ کە دەیان ساڵە نیشتیمانەکەی بووەتە پێخوستی چوار دەوڵەتی داگیرکەرو کانگا و بەروبووی وەڵاتەکەی بەتاڵان دەبرێ، حاشا لە هەویەتی میللی و نەتەوەیی دەکرێ و تووشی قەڵاچووکردن و ئەنفال و کیمیاباران بووەتەوەو ژینکە و وەڵاتی لێ خاپوور کراوە.*

ڕەنگە هەر ئەوە بۆ خۆی جێگای گەورەترین پرس و ڕامان بێ کە چۆنە تا ئێستا ئەو گەلە توانیویەتی مان و"مەوجوودییەتی" خۆی پاراستبێ؟ تۆ بڵێی ئەو هەموو کارەساتەی بەسەر کورد داهاتووە، تووشی گەلێکی دیکە هاتبا، زۆر لەمێژ نەدەبوو بۆ هەمیشە خۆی وناوی خۆڵەمێشی فەرامۆشی بەسەردا نەدەکرا؟

هێندێك لەسەر ئەو باوەڕەن، ئەگەر سرووشت و جوغرافیای کوردستان هێندە رەژد و هەڵەمووتوو پڕ لە شاخ و دۆڵ و کەلەبەر و ئەشکەوت نەبوایە، کورد لە کوێ دەیتوانی بەرگەی ئەو هەموو هێرش و داپڵۆسین و بەگژداهاتنەوەی دوژمنانی خۆی بگرتبایە؟

بەلای ژمارەیەکی تریشەوە، ئەوە تەنیا سرووشت و جوغرافیای کوردستان نەبووە، بۆ ئەوەی کورد بتوانێ خۆی لە توانەوە بپارێزێ، بەڵکو خۆناسین و هەست بە جیاوازی نەتەوەیی لە ئاست نەتەوەی دی، هۆکارێکی گرینگی تر بووە بۆ ئەوەی لە مەترسی لەناوچوون قوتاری بێ. بۆیە لەبەر دەرگای سەدەی 21دا ناڕەوایە کێشەی نەتەوەیەکی 30ملیونی چی دیکە پشتگوێ بخرێ ولای لێ نەکرێتەوە و شتێکی ناراستە لە مافە بنچینەکانی خۆی بێ بەش بکرێ.

کورد نکوڵی لە بوونی کەس ناکات، بەڵکو تێدەکۆشێ جێ و ڕێی مێژووی خۆی بگرێتەوە و هەوڵدەدا ئەوە ڕوون بکاتەوە کە نکوڵی کردن لە30ملیون ئینسان بۆ بەهرەمەندبوون لە گیانێکی نەتەوەیی کارێکی زانستی و ڕاست نی یە.

گەلۆ! پرسیاریی سەرەکی بۆ وروژاندنی ئەم باسە ئەوەیە، ئەم مەسەلەیە چۆن دەتوانێ چارەسەر بێ؟ پشت بەستن بە کام پرۆژە و چارەسەری، مزگێنی کۆتاییهاتن بە ژان و ئازارەکانی ئەو گەلەمان بە کودا دەسرکێنێ؟

ئەزموون و تاقیکردنەوەی گەلانی ژێردەستە بۆ رزگاری بوون لە ستەم و هەڵاواردنی نەتەوایەتی چەند تابلۆ و دیمەنی جۆراوجۆرمان پیشان دەدا کە دەکرێ بە چوار شێوەو مۆدێل دابەشیان بکەین.

مۆدێلی یەکەم: پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆیی نەتەوەییە.

مۆدێلی دووهەم: دامەزراندی حکومەتێکی کۆنفیدڕاڵییە کە لەوەدا چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە دەستەبەرکردنی بەرژەوەندی هاوبەشی هەموو لایەکیان، خوازیارانە و لەسەر بنچینەی یەکسانییدا، حکومەتێکی کۆنفیدڕاڵی پێکەوەدەنێن.

مۆدێلی سێهەم: یەکێتییەکی فیدڕاڵییە کە لە ئاکامی رێککەوتن و یەکگرتنی چەند هەرێمێك یەکێتییەکی فیدڕاڵی بەرهەم دەهێنرێ، جیاوازی ئێتنیکی و کلتووری و جوغرافیایی دەبنە هۆکارێك بۆ دیاریکردنی سنوور و دەسەڵاتداریەتی هەرکام لەو هەریمانە لە چوارچێوەی حکومەتێکی فیدڕاڵ دان.

چوارەم: ئۆتۆنۆمییە کە لەودا ناوەند دێنێ، کۆمەڵە ئیمتیازاتێکی فەرهەنگی و ئیداری بە ناوچەی ئۆتۆنۆم دەبەخشێ.

لەدوای بڕانەوەی شەڕی دووهەمی جیهانی، واتە لەدوای کۆماری کوردستان و لەنێوەڕاستی چلەکانی سەدەی رابردوودا، بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لەنێو ئەو چەند رێگاچارەسەرەدا، پشتی بە چارەسەری ئۆتۆنۆمی بەست. سێ هۆکاری

گرنگ دەستیان بەدەستی یەکتردا بۆ ئەوەی بزاڤی رزگاریخوازی کورد بۆ سالأنێکی دووردرێژ لەجێگای ئەوەی ببێتە نوێنەری کولتوورێکی رزگاریدەرو هەوڵی پێکهێنانی دەوڵەتێکی نەتەوەیی، بکەوێتە خانەی خۆڕێکخستن لەگەل کلتووری نەتەوەکانی باڵادەست.

یەکەم: لەژێر کارتێکردنی گەردەلوولی مارکسیزم–لینینیزم و لە ژێر تەوژمی فیکری و سیاسی حیزبە سەرانسەرییە چەپەکانی نەتەوەی باڵادەست، ناسیونالیزم و بیری نەتەوەیی کورد خرایە حاڵەتێکی دیفاعییەوەو مەسەلەی کورد کرا بە مەسەلەی نیشتیمانی ئەو وەلأتە داگیرکەرانەی کە کوردستانیان لەناو خۆدا دابەشکردبوو.

دووهە م: کەشوهەوای دونیای دووچەمسەری بوو.

بەڕاشکاوی دەتوانین بڵێین لەسەردەمی شەڕی سارد و جیهانی دوو جەمسەریدا، بزووتنەوەی کورد لە گشت پارچەکانی کوردستان تووشی هەرەسی گەورە هاتن. کورد نە دەنگی بە جێگایەك رادەگەیشت و نە مەسەلەکەی بۆ لالێکردنەوە، دەیتوانی بچێتە خانەی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە زلهێزەکانی دوونیاوە. کێبەرکێی چەك فرۆشتن و خۆزیای دەستبەسەر داگرتن بەسەر ناوەندە ئابوورییەکان ببووە دوکترینی هەرە گرنگی هەردوو لایی دونیای دووجەمسەری. ئەم بارودۆخە جیهانییە باشترین دەرفەتی بۆ مانەوەی رژێمە دیکتاتۆرەکان ڕەخساندبوو کە لە لایەك بی سڵکردن، سیاسەتی زەبروزەنگ و قڕکردن و توانەوە بگرنە بەرو لە لایەکی تریشەوە درێژە بە تەمەنی نگریس و کۆنەپەرەستانەی رژێمەکانیان بدەن. ئەگەر بمانەوێ بە خێرایی لەو دوو هۆکارە بترازین، واقیعی دابەشکردن و داگیرکردنی کوردستانیش لەنێوان چوار دەوڵەتی دەراوسێ هۆکارێکی دیکە بوو بۆ ئەوەی مەسەلەی کورد لە بازنەی ئۆتۆنۆمیدا بۆ سالأنێکی دوور و درێژ قەتیس بمێنێتەوە.

لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا جگە لە باکوری کوردستان کە بۆ ماوەیەك بوو بە هەڵگری درووشمی سەربەخۆیی و پاشان لێ پاشگەزببووە، ویستی سیاسی کوردان هەنگاوێك بەرەو پێش ملی ناوە. لە باشووری کوردستان لە دوای راپەڕینە مەزنەکەی ساڵی1991، پەرلەمانی کوردستان، شێوەی چارەسەری فیدڕالیزمی بەرزکردەوەو لەم چەند ساڵەی دواییشدا لە رۆژهەلأتی کوردستان، فیدڕالیزم هەتا دێ، پتر بەرە بەرە تێکەلأوی ئەدەبیاتی سیاسی هێزە کوردییەکان دەبێت. لە دۆزێکی ئەوتۆدا، واتە لەدوای بڕانەوەی شەڕی سارد و دونیای دووجەمسەریی و لە کاتێکدا کێشەی کورد بەرەو ئەوە دەڕوات، لە مەسەلەیەکی نێوخۆییەوە بەرەو مەسەلەیەکی نیونەتەوەیی هەنگاو بنێ و لە بارودۆخێکدا کە خۆناسین و ووشیاری نەتەوەیی کوردان لەگشت وەختێکی تر کۆمەڵی کوردەواری تووسی هەژاندن کردووە، گەرایەك هاتووەتە ئاراوە کە دەیەوێ لە ڕێگای بەدەستهێنانی ماڤ شارومەندی وەلأمی مەسەلەی کورد بداتەوە.

دەلاقەی ئەم باسە بۆ یەکەم جار لەلایەن مەنسووری حیکمەت لە حیزبی کۆمونیستی کرێکارییەوە کرایەوە. کاتێك جەرەیانی ناسراو بە کۆمونیستی کرێکاری ریزەکانی حیزبی کۆمونیستی ئیرانی بەجێهێشت و حیزبی کۆمونیستی کرێکاری بۆ درێژەی فەعالییەتی سیاسی خۆی بونیات نا، یەکێك لەو مەسەلانە کە ویستی بەخێرایی لە کۆڵ خۆی بکاتەوە، مەسەلەی نەتەوە و نەتەوایەتی بوو. بۆ پێکانی ئەم مەبەستە، حیکمەت لە نامیلکەیەکدا هەوڵییدا یەکێك لەو شتانەی سیمای فیکری و سیاسی حیزبەکەی پێ بناسرێتەوە، دژایەتیکردن لە گەل ماڤ نەتەوایەتی نەتەوەکان بوو.

ئەو پێی وابوو، لەو سەردەمەدا، ناسیونالیزم دیاردەیەکی کۆنەپەرەستانەیە و چ جیاوازییەك لە نێوان ناسیونالیزمی نەتەوەی ژێردەستە و نەتەوەی باڵادەست لە ئارادا نییە و درووشمی ماڤ دیاریکردنی چارەنووس، ناتوانێ چیتر فۆرمۆلێکی کۆمونیستەکان بێ بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی، چونکە بەلای ئەوەوە خێر و بیری ئەو درووشمە تەنیا دەچێتە گیرفانی بۆرژوازییەوە.

جەرەیانی دووهەم، لقی کوردستانی حیزبی کۆمونیستی ئیرانە. ئەم رێکخراوە بوونی پلاتفۆرم و پڕۆژەیەك بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی بە کارێکی نەپێویست دەزانی و دژ بە فیدڕالیزمە. لە روانگەی ئەم حیزبەوە، کورد ئەو

مافەی هەیە، داوای ریفرەندمێك بكا و دەنگ بۆ جیابوونەوە یا مانەوە لە ئیران بدا. بەڵام ئەگەر بڕیاری مانەوەی دا، لە ماف شارومەندی پتر چیتر بۆی نییە داوای بكات.

لەهەمبەر ئەوەیكە حیزبەكەی خۆی لەكاتی ئەو ریفراندومە چ هەڵویستێكی دەبێ، وەڵامەكەی لێل و نادیارەو پێوایە دەبێ ئەوسا بە لەبەرچاوگرتنی قازانج و بەرژەوەندی پرۆلیتاریای ئیران هەڵویست وەربگرێ. ئەم هەڵویستە چ مەنتیقێكی تێدا نابینرێ، ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیكە حیزبێكی سیاسی دێنێ بۆ ساڵانێكی دوور و درێژ خەڵك بۆ خەبات لە پێناوی ماف چارەی خۆنووسین بانگهێشتن دەكا، كەچی بۆ خۆی نازانێ یاخۆ بە خەڵكی ناڵێ جیابوونەوەی پێ باشە یا نە؟

لەدوای حیزبی كۆمونیستی كرێكاری و سازمانی كوردستانی حیزبی كۆمونیستی ئیران، بە ڕوانگەكانی ئاغای عەباسی وەلی دەكەین كە دەتوانم بڵێم لەهەر ئەو دوو هێزانە زیاتر كاری بۆ جێ خستنی ئەم بیرە كردووە.

لە نووسەری ئەم دێڕانە ڕوونە، ڕوانگەی ئاغای وەلی لە هەمبەر نەتەوە و نەتەوایەتی جیاوازی هەیە لە گەل ئەم دوو حیزبە لەسەر ئەم چەمكانە، بەڵام سەرەڕای هەر جیاوازییەكیان، لە شوێنێكدا بە یەك دەگەن، ئەویش بەرزكردنەوەی ماف شارومەندی وەك ڕێگاچارەسەرێك بۆ مەسەلەی كوردە. بۆیە ئەم باسە لەگەل ئەوەی دەتوانێ وەڵامێك بێ بۆ هەردوو حیزبی ناوبراویش، بەڵام ئەوەی لەم ووتارەدا بەشێوەیەكی كۆنكریت دەخرێتە بەر ڕەخنە و هەڵسەنگاندن بۆچوونەكانی ئاغای وەلی یە.

**ئاغای وەلی لە دەستپێكی ڕوانگەكەیدا هێما بۆ ئەوە دەكات كە"مەسەلەی كورد لە ئیران بەرهەمی مۆدێرنێتی(نوێباوی)یە و بەزەحمەت خۆ لە سەدەیەك دەدات و مێژووی ئەم مەسەلەیە بە سازبوونی دەوڵەتی مۆدێرن لە ئیران، واتە بەوە گر كەوتنی سیاسەتی سانتڕالیزمی سیاسی و ئیداری و سازكردنی هوویەتێكی تاقانەی نەتەوەیی ئیرانی بەدەستی یەكەم دەوڵەتی پەهلەوی كە لە ساڵی1926تا1941وە بەزەبری چەك پەیڕەو دەكرا، دەستپێدەكات."**[1]

لەوەڵامی ئەویكە مەسەلەی كورد لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان بەرهەمی مۆدێرنیتەیە و بەزەحمەت تەمەنی خۆی لە سەدەیەك دەدا، دەتوانێ جێگای مشتومڕێكی زۆر بێ. چەمكی نەتەوە و نەتەوایەتی هەڵگری پێناسەی جۆراوجۆرەو جگە لەو ڕوانگەیە كە ئاغای وەلی نوێنەرایەتی دەكات، گەلێك تەفسیر و خوێندنەوەی تریش بۆ نەتەوە و نەتەوایەتی لە ئارادا دان كە ڕەنگە زۆر لەو بۆچوونەی ئاغای وەلی واقیعبینانەتر بن بۆ پێناسەكردنی نەتەوە و نەتەوایەتی لە كوردستان. ئەگەر ئەو ناكۆكییە بۆ كاتێكی تر بهێڵینەوە و تەنیا لێرەدا لەمەر مەسەلەی كورد و ماف شارومەندی بووەستین ئاغای وەلی لە درێژەی **بۆچوونەكەیدا هێما بۆ ناتەواوی پرۆسەی میللەت و دەوڵەت لە ئیراندا دەكات و دەڵێ" ڕەبتدانی كاری ڕۆژ بە ڕۆژی حكومەت لە ناوەوەی دەوڵەتدا لە مەسەلەی حاكمییەتدا بۆ كوردان، نەتیجەی موسیبەتباری هەبووە، نەتیجەكەش ئەوە بوو كە هەر وەخت كوردان هاتوون داوایەكیان هەبووە، ئەو داوایە ڕەبت دراوە بە حاكمییەتی میللی ئەو دەوڵەتانەوە و دەستبەجێ بە مەعنای خیانەت لێكدراوەتەوە و مەحكوم كراوە و بێ ئەوەیكە مەترەح كرابێ، بووەتە مەسەلەیەكی نیزامی، یانی مەسەلەی ئەمنییەتی میللی. ئەگەر داخوازییەكانی كوردان لە چوارچێوەیەكی سیاسییدا مەترەح بكرێ كە سەد لە سەد لە كۆنسێپتی حاكمییەتی میللی بەستراب‌یتەوە، ئیمكانی نییە كە بتوانێ مەسەلەی میللی بە شێوەیەكی سیاسی ببینێ و ئەوانیش ڕازی بن و قبووڵی بكەن. ئەوان حەتمەن بە شێوەیەكی ئەمنییەتی دەبینن."**[2]

**...نەگونجاندنی نێوان شەرت و مەرجی حاكمییەت و هاووەڵاتییەتی بەر شۆڕشی ئیران لە ئارادا بوو. و وەك نیشانەی دیاریكردنی قانوونی بنچینەیی لە ژێر دەسەڵاتی حكومەتی سەڵتەنەتدا بوو. ئەمە لە ڕوانگەی سیاسییەوە هەتا بڵێی گرینگ**

---

[1] / بڕوانە ووتاری ئاغای وەلی، گۆڤاری گزینگ، ژ21، مەسەلەی كورد و قەیرانی سیاسی لە ئیران كە لە لایەن (حەسەنی قازی)ییەوە لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ كوردی وەرگێڕدراوە.

[2] / ئاغای عەباس وەلی: مۆدێرنیتە و ناسیونالیزم، گزنگ، ژ22.

**بوو. هەر بۆیە هەر کانێك، هەر جۆرە هەوڵێك درابا بۆ دەربڕینی هوویەی کوردی یان داوای بە ڕەسمییەت ناسینی هوویەی کوردی لە ئیران هاتبا گۆڕێ، حکومەت دەیتوانی دەستبەجێ ئەمە بە مەسەلەی حاکمییەتی نەتەویی و یەکپارچەیی خاکی ئیرانی بناسێ و هەڵسووکەوتی لە گەل بکا، چونکو وەختێ بابەتێك بە مەسەلەی حاکمییەتەوە گرێ درا، دەکرێ بەهاسانی لە چوارچێوەی سیاسی"نێوخۆیی" رۆژانە ولآمەدری ئاسایی رۆژانەی حکومەت"[3]**

**لە شاخەوە بۆ شار**

**ئاغای وەلی لە درێژەی بۆچوونەکانیدا، هەر ئەوە بە کاڤ نازانێ، بزووتنەوەی کورد چی دیکە هوویەتی میللی کورد بە مەسەلەکەیە نەلکێنێ، بەڵکو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە پێویستە هێزە سیاییەکانی کورد بە گەلێك ڕێباز و هەڵویستی تا ئێستایاندا بچنەوە و لە زۆر بواردا ددان بە شکست و ناکامییان دا ببنێن. یەکێك لەم بوارانەی خەباتی چەکدارانەیە. لەم بارەیەوە ئاغای وەلی دەنووسێ" ئەمن پێموایە ئەو گۆڕانی ڕێبازە تەنیا ئەو کات دەتوانێ وەدی بێ کە ستراتیژی خەباتی چەکداری وەلابندرێ. ئەم ستراتیژییە چ لە باری ئینسانی چ لە لایەنی مادییەوە سەلماندوویە کە هەم بێ کەڵکە و هەم بە قیمەتێکی گران تەواو بووە، ئەو ستراتیژییە نەگەتیڤ و غەیرە ئەخلاقییە و بووەتە هۆی وابەستەیی بە یەکێك لە خرابترین و جینایەتکارترین دیکتاتۆرییەکانی جیهانی هاوچەرخ. خەباتی چەکداری تا رادەیەکی بەرچاو پێگەی سیاسی و رێکخراویی هێزە سیاسییە کوردییەکانی بنکۆڵ کردووە، ئەوانی لە خەڵك و ژیانی شاری نامۆکردووە لە سەرووی هەموو شتێکەوە، خەباتی چەکداری لەمپەرێکی سەرەکی بووە لەسەر ڕێی پێشەوەچوونی سیاسەتی داهێنەرانە لە کوردستاندا..."[4]**

**...خەباتی چەکداری لە کوردستانی ئیران شکستی خواردووە. ئەوە فاکتێکی سیاسییە و هێزە سیاسییە کوردییەکان دەبێ بە ئاشکرایی و بە بێ دڵەڕاوکێ پێی لێ بنێنن...داواکردن لە خەڵك بۆ چەك هەڵگرتن بە بێ ستراتیژییەکی کاریگەری سیاسی و هەبوونی سەرچاوەی سیاسی، ئابووری، ڕێکخراوەیی و ڕووناکبیری پێویست بۆ پشتیوانی لەو، نەك هەر سیاسەتێکی خراپ، بەڵکو تاوانکارانەشە"[5]**

**بەباوەڕی ئاغای وەلی"بزووتنەوەی کورد دەبێ لە شاخەوە بگەڕێتەوە بۆ ناو شار"**

**بەلای ئاغای وەلی یەوە، مەسەلەکە زۆر هاسانە و لای وایە" کوردەکان هەمیشە دەتوانن دەست بدەنەوە چەکەکانیان و بگەڕێنەوە چیا تەنیاکانیان"[6]**

**وەك دەبینین ئاغای وەلی خەباتی چەکدارانە بە تاوانکارانە و غەیرە ئەخلاقی ناودەبات. دیارە ئەوە لە روانگەی ئەو کەسانەوە کە خۆیان خاوەن دەسەلآتن و حاکمییەت هی ئەوانە، وەکو ئەسل و پرەنسیپێکی ڕەوا دەناسرێ، بەلآم ئایا با لەبەردا بزانین قانوونە نیونەتەوەییەکانیش ئەوە پێناسەیە قیوول دەکەن؟**

**وەلآم ئەوەیە تا ئێستا پێناسەیەکی تەواو بۆ بە تاوانکارانە زانینی خەباتی چەکدارانە لە هیچ کۆڕو کۆمەڵێکی نێونەتەوەییدا پەسەند نەکراوە کە جێگای ڕەزامەندی هەموو کۆمەڵی مرۆڤایەتی بێ. پەسەندکراوەکانی نێونەتەوەیی تا ئێستا لەسەر ئەو بنەمایە بڕیاریان داوە کە بۆ وەلانانی زۆرو ستەم، بەربەرەکانی دیاردەیەکی ڕەوایە.(لە راگەیاندنەکانی ماڤ مرۆڤ).**

---

/[3] ئاغای عەباسی وەلی: مەسەلەی کورد و قەیرانی سیاسی لە ئیران، گزینگ، ژ21

/[4] هەمان سەرچاوەی پێشوو

/[5] ئاغای عەباس وەلی، گۆڤاری کزینگ،ژ21، مەسەلەی کورد و قەیرانی سیاسی لە ئیران

/[6] گزینگ، ژ21

www.ruk2691.org

مەسەلەی دیفاع و بەربەرەکانی دژی هێرشکەر نەك هەر لە یاسای نێودەوڵەتیدا، بەڵکو لە یاساکانی سزادانی وەڵاتانیشدا، ڕەواو مەشروعن. ئەگەر تاك بۆی هەبێ دیفاع لە خۆی بکا و هێرشی، هێرشکەر بەرپەرچ بداتەوە، شك نیە کە گەلێکیش وەڵاتەکەی داگیر دەکرێ، سەروەت و سامانی زەوت دەکرێ و ئەمنییەت و ئاسایشی لێ دەسێندرێ، ئەو مافەی هەیە، لە هەموو ئیمکانیاتێك بۆ پاراستنی خۆی کەڵك وەربگرێ. خەباتی هەموو وەڵاتانی ژێردەستە لە سەدەی رابردوودا و لە ئێستادا، لەسەر ئەو بنەمایە بەڕوا زانراوە. ئەوە تاوانی هێرشلێکراو نیە کە خوێن دەرژێ، ئەوە تاوانی هێرشکەرە کە خوێن دەڕێژێ. کام بیری ئازاد، کام مرۆڤی خاوەن ویژدان، کاتێك مارێك کە بە تەریك کەوتە دارێکدا هەڵدەگەڕێ کە مەلێکی وەکو گۆرەوی چنە بە مانگ هێلانەیەکی بە لکی داریکەوە هەڵبەستووەو چەند بێچوی تێدا بەخێو دەکا، دەتوانێ دیفاع لە کاری ئەو مارە بکا کە بەو هێلانەیەدا هەڵدەگەڕێ، بێچووەکانی ئەو مەلە کە تازە سەریان لە هێلکە وەدەرناوە یەك بە یەك بخوا؟ لەو حاڵەتەدا ئەو دایکەی کە شاهیدی خواردنی بێچووەکانییەتی، ئاخۆ هەقی هەیە بەدەندوك لە چاوی ئەو مارە سرەوینی یا نا؟ مرۆڤایەتی ئەوە بە دیفاعێکی ڕەوا دەزانێ. ئەگەر ئەو کەسانە کاری ئەو مەلە بەغەیر ئەخلاقی و تاوانکارانە دەزانن، ئەوانە بۆ خۆیان ئەو مارەن و سەریان لە هێلانەکەدایە. پرسیار ئەوەیە، ئایا بەنەزەری ئاغای وەلی، بەربەرەکانی خەڵکی ئەنگلستانیش لە بەرامبەر ئەلمانیای هیتلەری، کارێکی تاوانکارانە و غیرە ئەخلاقی بوو؟

لە رۆژهەڵاتی کوردستان، خەباتی چەکداری، بە ئیعلامی جیهادی خومەینی دەستی پێکرد. بەشاهیدی هەموو بەڵگە مێژووییەکان، بزووتنەوەی کورد گەلێك هەوڵیدا بۆ ئەوەی کێشەکەی بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە و لە ڕێگای دیالۆك و ووتووێژ لە گەل دەوڵەت بێتەگۆڕێ، بەڵام ماهییەت و نیوەڕۆکی کۆنەپەرەستانەی رژێم و سیستێمی بیرکردنەوەیان، جێگایەکی بۆ تێگەیشتن لە مەسەلەی نەتەوە ونەتەوایەتی نەبووە کە چارەسەرێکی هێمنانە بۆ مەسەلەی کورد بدۆزرێتەوە. بۆیە کاتێك لە28ی گەلاوێژی ساڵی1358ی هەتاوی، هێرش کرایە سەر کوردستان، بەرنگاربوونەوەی چەکدارانەی خەڵك و هێزە سیاسییەکانی کورد، وەلامێکی بەجێ و پێویست بوو بۆ خۆپاراستن و بەرگری لەو دەستکەوتانەی کە خەڵکی کوردستان لە دوای رووخاندنی رژێمی شاە بەدەستیان هێنابوو.

قسە لەسەر ئەوە نییە، هێزە سیاسییەکانی کورد دەیانتوانی پتر ئاور لە شێوەکانی تری خەبات بدەنەوەو بایەخ بە شێوازەکانی تریش بدەن. ئەوە باسێکی ترە و دەتوانێ جێگای مشتومڕو گفتوگۆ بێ، بەڵکو کێشەکە لەسەر ئەوەیە، ئایا بەرنگاربوونەوەی کورد لە هەمبەر پەلاماری کۆنەپەرەستیدا، کردەوەیەکی غەیرە ئەخلاقی و تاوانکارانەیە؟ یاخو وەڵامدانەوە بە پێویستییەکی مێژوویی بوو؟

لۆژیکی مێژوویی داوامان لێدەکات لە هەڵسەنگاندنی هەر رووداوێکی سیاسی و کۆمەلایەتی و مێژوویی، پێوانەمان بۆ ئەو بارودۆخە بێ کە ئەو پێویستییەی هێناوەتە گۆڕێ. کەس ناتوانێ بە گەزورەبەی رۆژگاری ئەوڕۆ و خوێندنەوەکەی واقیعبینانە بۆ شێوە خەباتێك بکا کە هەلومەرجەکەی بە تەواوی جیاواز لە ئێستا بووە. خەباتی چەکدارانە، قۆناغێك بوو لە مێژووی بزاڤ رزگاریخوازانەی کورد. ئەم شێوە خەباتە دژکردەوەو کاردانەوەی ئەو زەڵم و زۆر و هێرشە بوو کە لە لایەن دەسەڵاتی فەرمانڕەواوەوە کرابووە سەر کورد، بۆیە نە تەنیا کردەوەیەکی غەیری ئەخلاقی و ناڕەوا نەبوو، بەڵکو دیفاعێکی مەشرووع و بەرهەق بوو. کەڵك وەرگرتن لە شێوەی خەباتی چەکداری لەسەردەمی دوونیای دوو جەمسەریدا هەر تایبەت بە بزووتنەوەی رزگاریخوزانەی کورد نەبوو، گەلێك بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی تریش توانیان لەو شێوە خەباتە کەڵك وەربگرن. ئەوەیکە داخوا بە کۆتایی شەڕی ساردو لە دوونیای یەك جەمسەریدا گەلانی بێ دەوڵەت بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییەکانیان لە چ شێوازێك کەڵك وەردەگرن، بەتەواوی بەوەوە گرێدراوە کە چۆن لەگەل مافەکانیان هەڵسووکەوت دەکرێ.

ئاغای وەلی خەباتی چەکداری کورد بە دیاردەیەکی غەیر ئەخلاقی لە قەڵەم دەدات و مافی بەرەنگاربوونەوەو دیفاع لە خۆکردن بۆ گەلێکی کە هەڕەشەی نەمانی لەسەر بوو، بەناڕەوا دەزانێ. ئەو لە جێگای ئەوەی سەرکوتی بێ بەزەییانەی دەوڵەتی ناوەندی بە کردەوەیەکی غیر ئەخلاقی دەست نیشان بکا، ڕاست بە پێچەوانە پەلەقاژییەکیش بۆ ئەو گەلە بەڕەوا نابینی کە

ئیعلانی جیهادی لەسەر دراو کەوتە بەر هێرش و پەلامارو کوشتاری بە کۆمەڵەوە. ئاغای وەلی لە دوای ئەوەیکە رەنج و زەحمەتی یەك نەسل لە تێکۆشەرانی کورد بە ناوی"وابەستە"و"ستراتیژێکی نیگاتیف و تاوانکارانەو غەیری ئەخلاقی" لەقەڵەم دەدا، لە خۆی دەپرسیٚ" کەوابوو، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو وەزعییەتە، ئەرکی هەرە گرنگی هێزە سیاسییەکانی کورد لە ئیران چییە؟....بەبیروباوەڕی من لە حالی حازردا هێزە کوردییەکان لە ئیران لە باری سیاسییەوە بیٚ تەئسیرن. ئەوان تا ڕادەیەکی زۆر پێگەیان لە دەرەوەی ئیران و لەڕاستیدا هێز و توانایی ئەوەیان نییە لەسەر رەوتی ڕووداوەکان لە نێوخۆی وەڵاتدا شوێن دابنێن و چ دەستیان ناڕوا بۆ بڕیاردان لەسەر رۆژەوی سیاسی لە کوردستان"[7]

ئاغای وەلی پێی وایە بۆ ئەوەی بە وتەی ئەو، هێزە سیاسییەکانی کوردی رۆژهەلاٚت بەخۆدا بێنەوە و لەسەر رەوتی ڕووداوەکانی کوردستان تەئسیریان هەبیٚ، دەنووسیٚ" تەنیا بەو شەرتەی کە ئەوان لەگەل رەوتی ڕووداوەکانی ئێستادا، هەنگاو هەڵبێننەوە، نەك بە دژی. ئەو سیاسەتانەی کە ئەوان تا ئێستا بوویانە، بە قیمەتی زۆر تەواوبوون، بیٚ ئەسەر بوون و تەنانەت بە دژی خۆشیان هەڵگەڕاونەوە. لە ڕاستیدا، ئێستا کاتێکی لەبارە کە واز لە گۆشەگیری و لەتاریکایی دانیشتندا بێنن و هەڵویستێکی نویٚ بگرن و ڕێبازی نیگاتیڤی سیاسەتەکانی کورد بگۆڕن."[8]

...بەهێنانەگۆڕی ئەو خاڵە گشتییانە لەمەڕ تەبیعەت و خەسلەتی مەسەلەی کورد لە ئیران، ئەمن پێمخۆشە باسی باروودۆخی ئێستا لە کۆماری ئیسلامیدا بکەم. گومانی تێدا نییە، ئەو بارووددۆخە سیاسییەی بە دوای دوایین هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری لەمانگی ژوونی1997لە ئیراندا هاتووەتە گۆڕیٚ، هەتا بڵێی گرینگ و بگرە چارەنووسسازە. ئەوە سەرهەڵدانێك نیشاندەدا کە ڕەنگە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا لە کاتی دامەزراندنی لە ساڵی1979وەوە بیٚ وێنە بیٚ. ئەو سەرهەڵدانە لە بنەڕەتەوە لەگەل نموونەکانی پێشووی دەستەبەندی سیاسی بەربەرەکانی لەسەر دەسەلاٚت و شەڕی یەکترکردن لە کۆماری ئیسلامیدا جیاوازە"[9]

ئاغای وەلی لە درێژەی بۆچووکانییدا دەنووسیٚ"گرینگتر لە هەموو شتێك هەڵبژاردنی خاتەمی بوو کە سەرەڕای هەموو کەندو کۆسپەکان بەسەر ئەوانی تردا سەرکەوت. ئەو جووڵانەوەیە کە لەو دەمییەوە لەپشت سەرۆك کۆمار ڕاوەستاوە و پشتیوانی لە بانگەوازی وی بۆ دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی دەکا، جووڵانەوەیەکی جەماوەری دیموکراتییە..."[10]

...ئەو بەربەرەکانییەی کە ئێستا لەسەر دەسەلاٚت دەکریٚ، هێندە زۆریش وەکوو لێکدانەوەی ڕقەبەر لەسەر ئیسلام نیشان نادریٚ بەو جۆرەی کە لە ساڵی1981لە کێشەی نێوان بەنیسەدر و سەرۆکایەتی حیزبی جەمهووری ئیسلامییدا دەرکەوت، بەڵکو لە داخوازی بۆ دیموکراتیزەکردنی دەوڵەت، پەرەپێدانی کۆمەڵگای مەدەنی و سازکردنی نەزم و نیزامێکی قانوونی لە لایەکەوە و بەرهەڵستکاری نادیموکراتییانە لە ئاقاری ئەو داخوازییانە لە لایەکی دیکەوە خۆی دەنوێنیٚ. ویستی جەماوەری بۆ دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی، کە لەلایەن باڵی ریفۆرمیستی نێوخۆی ڕژێمەوە نوێنەرایەتی دەکریٚ، بەجیدی بەربەرەکانی پلەوپایەی باوەڕی ویلایەتی فەقیهە دەکاو مەشرووعییەتی وی دەباتە ژێر پرسیارەوە. بەباوەڕی من، ئەوە

---

[7]/ گزینگی ژمارە21، ووتاری ئاغای عەباس وەلی، مەسەلەی کورد و قەیرانی سیاسی لە ئیران.

[8]/ هەمان سەرچاوە.

[9]/ هەمان سەرچاوە.

[10]/ بڕوانە ووتاری ئاغای وەلی، گۆڤاری گزینگ، ژ21، مەسەلەی کورد و قەیرانی سیاسی لە ئیران کە لە لایەن (حەسەنی قازی)ییەوە لە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ کوردی وەرگێڕدراوە.

www.ruk2691.org

پێشەوچوونێکی نوێیە لە سیاسەتی ئێراندا و لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی ڕا بێ وێنەیە. ئەمە گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە و هێزەکانی بەرهەڵستکار نابێ لەکیسی بدەن."[11]

"ئەوان دەبێ بێنە نێو پرۆسەی خەبات بۆ دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران، بەڵام بەلایەنگیری لە هێزەکانی دیموکراسی و ریفۆرم و لە دژی دوژمنەکانی دیموکراسی و ماف و ئازادییە مەدەنی و سیاسییەکان."[12]

من بەئانقەست و بەدانستە نامەوێ چ لە سەر ئەو هەموو پەسەندبیژییانەی ئاغای وەلی سەبارەت بە خاتەمی بنووسم، چونکە پرۆژەی خاتەمی ئەورۆ ئیتر بۆ هەموو کەس روون و ئاشکرایە. ئەوەی لێرەدا لە ریزکردنی گشت ئەو فاکتانە مەبەستم بوو، لەلایەك و بیرهێنانەوەو لەلایەکی دیکە دەسنیشانکردنی ئەو راستییە کە ئەگەر هاتبا هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەگوێرەی رێنووێنییەکانی ئەو هەڵسووکەوتیان کردەبایە و خۆیان تەسلیمی رژێم کردبایەتەوە، چ زیانێکی گەورە و قەرەبوو نەکراو لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد دەوەشێندرا؟

بەپێچەوانەی رێبەرایەتی باکووری کوردستان، هیچ کام لە لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان بە پیر ئەو بانگەوازەوە نەهاتن. ئەگەر لە باکووری کوردستان ئەو تیئۆرییە توانی پینەوپەرۆی تیئۆریکی بۆ تەسلیم بوونەوە و خۆبەدەستەوەدان تیئۆریزە بکات، لە رۆژهەلات کەس خۆی لێ بەخاوەن نەکرد. ئاغای وەلی پێ وابوو لە دوای هەڵبژاردنی خاتەمی، ئێران بە خێرای بەرەو کۆمەڵگای مەدەنی هەنگاو دەنێ و لای وابوو لەو کۆمەڵگا مەدەنییەدا کوردیش دەتوانێ بەمافە لەمێژینەکانی خۆی بگات. لەسەر ئەو هەڵسەنگاندنە ناڕاستە لە قوولی دووی جوزەردان هاتەسەر ئەو باوەڕە و نووسی"ئەم باسە پێشنیار دەکات، گوتارەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراتیزەکردن لە تورکیا و ئێراندا لەسەر بناغەی لێکۆڵینەوەیەکی دیموکراتیك و بۆ گۆڕانی هەویەتی ئیتنیکی دەسەلاتی سیاسی دابمەزرێن. بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی ماف و هەوییەتی غەیری حاکم لە پرۆسەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی و کلتووری دەستەبەر بکرێ. ئەمە ئەرکێکی پێویستە، ئەگەر قەرارە کۆمەڵگای مەدەنی نوێنەرایەتی جیاوازی و دژبەری بکات و توانای دنەدانی پرۆسەی دیموکراتیکی هەبێ و بەشداری و پرسیاری جەماوەر دەستەبەر بکات. بەڵام گەڕان بەشوێن هەوویەتی دەسەلاتی سیاسی هەروەها خالی ناوەندییە لە ڕێگای چارەی پێشنیارکراو بۆ پرسی کورد لە تورکیا و ئێراندا. لە هەر دوو بابەتەدا گەلاڵەی تیئۆریك ئاکامی رەخنەیەکی رادیکاڵە لە چەمکی حاکمییەت و هەروەها داخوازی بۆ ریفۆرمێکی رادیکال لە یاسای بنچینەییدا و دەبێ بناغەی ئیتنیکی هەڵ و مەرجی هاووەلاتێتی وەلا بنێ."[13] . یاخود لە بەشێکی دیکەی ئەم باسەی، ئاغای وەلی دا دەخوێنینەوە" یەکەم هەنگاو لە رووەوە کە ئەم روونکردنەوەیە پێشنیاری دەکات، پیادەکردنی ریفۆرمی دەستووری رادیکاڵە کە بەو هۆیەوە مەفهوومە ئیتنێکە باوەکانی هاووەلاتیبوون بگۆڕدرێن بۆ تێگەیشتنی دیموکراتییانەی هاوەولاتیبوون، تێگەیشتنێك کە بۆ ئەندامبوون لە کۆمەڵگا و دەوڵەت خاسییەتە ئیتنیکی و نەژادی و ئاینی یان کولتوورییەکان لەبەرچاو نەگرێ. بەڵام ئەم پێشنیارە کاریگەر نابێ، ئەگەر بەتەنها وەربگیرێ، لەراستیدا پێشنیارکە بونیادە تیئۆرییە تایبەتمەندییەکانی خۆی لەناو دەبات، ئەگەر لە هەمان کاتدا ریفۆرمە دەستوورییە پێشنیارکراوەکان پێناسەکردنەوەیەکی رادیکالانەی هەویەتی ئیتنیکی دەسەلاتی سیاسی لەم دەوڵەتانە نەگرنە خۆیان: واتە دووبارە پێناسەکردنەوەی پەیوەندی نێوان حکومەت و یەکەی قانوونی دەوڵەت. ئەمەش پێناسەکردنەوەی ئامانج و مێتود و ئەرکی دەسەلاتی سیاسی لەو کۆمەڵگایانە دەگەیەنێ."[14]

---

[11]/ هەمان سەرچاوە.

[12]/هەمان سەرچاوە.

[13]/ ئاغای عەباس وەلی، کوردەکان و ئەوانی تر، لە وەرگێڕانی نەزەند بەگیخانی و هاشم ئەحمەدزادە

[14]/ هەمان سەرچاوە.

www.ruk2691.org

بەکورتی، دەتوانین بڵێین پرۆژەی پێشنیارکراوی ئاغای وەلی لەسەر ئەم چەند کۆڵەکەیەی خوارەوە وەستاوە.

1- هیچ پرۆژەیەکی کوردی ئەگەر پشت بە هەوییەتی نەتەوەیی کورد ببەستێ، ناتوانێ شانسی سەرکەوتنی هەبێ.

2- کورد دەبێ تێکەڵاویی پرۆسەی سیاسی بێ، بە لایەنگیری لە باڵی دووی جۆزەردان و ئاغای خاتەمی بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگای مەدەنی.

3- کورد دەبێ واز لە خەباتی چەکداری بێنێ، چونکە بەلای ئەوەوە ئەمە کردەوەیەکی غیرە ئەخلاقی و تاوانکارانەیە.

4- پاشان کاتێك بزووتنەوەی کورد وازی لە خەباتی چەکدارانە هێنا و لە لکاندنی هوییەتی نەتەوەیی، خۆی پاراست و بەشداریی لەو پرۆسە سیاسییەدا کرد کە ئاغای خاتەمی ڕێبەرایەتی دەکات بۆ دابینکردنی کۆمەڵگای مەدەنی، پێویستە بۆ دوو ئامانجی سەرەکی تێبکۆشێ.: هەوڵ بدرێ ئیتنیستە لە دەسەڵاتی سیاسی دابماڵکێندری و هاوکات لە گەل ئەوەش شارومەندیش لە چەمکی ئێتنیسیتە جیابکرێتەوە. ئینجا کوردەکە دەتوانی بە ئەرخەیانی پاڵی لێ بداتەوەو سەنیری خاتەرجەمی بخاتە ژێر سەری و دڵنیا بێ کۆتایی بەستەم و چەوسانەوەی دیت!

یەکەم پرسیارێکی کە لەو بەینەدا دێتەپێشێ ئەوەیە کە شارومەند کێیە و بەکێ دەڵێن و مێژووی سەرهەڵدانی ئەم چەمکە لە کۆوە سەری هەڵداوە و کورد گوتەنی بەری چە دارێکە؟

بۆ روونکردنەوە، ئەم پرسیارە لە پێشدا سوکە ئاورێك لە مێژووی شاروومەندی دێنمە بەر باسکردن، پاشان لە گرفتەکانی ئەم چەمکە لە پەیوەند دەگەل کێشەی نەتەوایەتی دەدوێین.

شارومەندی لە مۆدێلی ئاتێنیدا

مێژووی سەرهەڵدانی چەمکی شاروومەندی دەگەڕێتەوە بۆ یۆنانی باستان. یونانی گەل شاروومەندیان بە کەسێك گووتووە، ئەندامی شارەدەوڵەت بووبێ[15]. شارەدەوڵەت، قەوارەیەکی دەسەڵاتدارەتی راستەوخۆی یونانی گەل بوو، بۆ خۆبەرێوەبردن. هەر وەك لە ناوەکەیەوە دەردەکەوێ، شارەدەوڵەت رووبەرێکی بەر تەسکی هەبووە. واتە مەودای دەسەڵاتدارەتییەکەی لە بازنەی تاکە شارێك و دەورووبەرەکەی گیرسابووەوە. لەو کاتەدا، هەر شار و باژارێك خاوەنی شارەدەوڵەتی"سەربەخۆی خۆی بووە، و هەر ئەوە بووەتە هۆی ئەویکە لەو کاتەدا دەوڵەتێکی سەرانسەری لە یونان پێك نەیە. هەر بەو پێیە چەشنی شارەدەوڵەتەکانیش جۆراوجۆر بوون، هێندێکیان هەڵگری رێ و شوێنی دیموکراتی بوون و ژمارەیەکیشیان سرووشتێکی سەرەڕوویانەیان هەبووە.

لەمێژووی بیری سیاسیدا، شارەدەوڵەتی، شاری ئاتن، جێگایەکی تایبەتی هەیە. ئەم گرنگییەش لەو ڕووەیە، میکانیزمی دەوڵەت تا ڕادەیەکی زۆر پشت ئەستوور بە ئیرادەی خەڵك بووە. لەکەشوهەوایەکی ئازاددا، خەڵك دەیانتوانی کۆببنەوە، نوێنەرانیان هەڵبژێرن، رەخنەو سەرکۆنەی ئەو کەسانە بکەن کە لە بەڕێوەبردنی ئەرکەکانیاندا تەنەخییان کردووە. قەوارەی

---

[15] / لە نووسینی ئەم بەشەدا/ کەڵکم لە کتێبی بەرگی تایبەت بە یونانی باستانی ویل دۆرانت وەرگرتووە

شارەدەوڵەت لە دەزگاو ئیدارەی جۆراوجۆر پێکهاتبوو. گرنگترینی ئەو دەزگایانە بریتی بوون لە شوورای بەرزی گەل و ئەنجوومەنی کارمەندان و دادگاکان.

بەکورتی بڵێین لە مۆدێلی شارەدەوڵەتی ئاتینا شارومەند دەیتوانی ئەندامێکی چالاکی دەوڵەت بێ و لە دیاریکردنی یاساکانی شارەدەوڵەتیش بەشداری راستەوخۆ هەبێ. واتە شارەدەوڵەت گۆڕەپانێك بوو بۆ بەرپرسیارییەتی و ئەرك و خۆگەری گشت هاوزێدێکی ئازاد. بەڵام گشت دانیشتیوانی شارەدەوڵەت، شاروومەند نەبوون. هەموو ئەو کەسانەی نیشتەجێی شارەدەوڵەت بوون، مافی بەشداری لە کاروباری سیاسییان دانابوو، لەدەنگدانیشدا هەر بەم جۆرە. شارومەند بوون، بەنیشتەجێی بوون نەبەسترابووەوە.

ئەرستۆ لە کتێبی قانوونی بنچینەیی ئاتێن کاتێ دەیەوێ شارومەند پێناسە بکا دەڵێ"مافی شارومەندی بە کەسێك دەدرێ کە لە دایك و باوکێکی یۆنانی بەدنیا هاتبێ". ئەم تێڕوانینە لە شارومەندیی، حەشیمیەتێکی بەرینی لە دانیشتوانی شارەدەوڵەتی ئاتێن لە مافی شارومەندی بێ بەری کردبوو. لەو سەردەمەدا لە یونان، کۆمەڵە خەڵکێکی زۆری وەك بازرگان بە ساڵانێکی دوورو درێژ ببوونە نیشتەجێی ئاتێن. ئەوانماڵیاتیان لێ دەسێندراو دەبوایە لە هێندێك بواری وەك چوونە سەربازی... ئەرك وە خۆگرین، کەچی هەر لە بەر ئەوەی لە کۆشی دایك و باوکێکی یونانییەوە چاویان بە دنیا هەڵنەهاتبوو، نەیان دەتوانی ببنە شارومەندی، شارەدەوڵەت.

ژنانیش هەر بەم جۆرە، نە بەشارومەند دژمێردران و نە لە کۆبوونەوەکانی شار دەیانتوانی بەشدار بن. بۆ کویلەکانیش کە لەو کاتەدا ڕێژەیەکی بەرچاویان لەخۆ دەگرت، هەر مەپرسە! بە کورتی مۆدێلی شارەدەوڵەت، کۆمەڵگایەکی تەواو ئازاد نەبوو. ئازادیی تەنیا بۆ شارومەندان بوو. شارومەندیش بەنیشتەجێ بوون نەبوو، بەڵکو زگماکی بوو.

شارومەندی لە مۆدێلی دەوڵەت–میللەتدا

بنەمای دەوڵەت–نەتەوە، پشتئەستوور بە چەمکی شارومەندییە. زێدی و شوێنی سەرهەڵدانی مۆدێلی دەوڵەت–نەتەوەش دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی فەرانسە لە ساڵی1789زایەنی. بەسەرکەوتنی ئەو شۆڕشە، گۆڕانکارییەکی مەزن لە ژیانی خەڵکی ئەو وەڵاتە دەستی پێکرد.

ئەو هەژانە مەزنە لەو وەڵاتە، سەری بەناو هەموو کەلێن و قوژبنەکانی سرووشت و کۆمەڵ دا گرد. ئیتر لێرەوە پەیوەندی مرۆڤ دەگەڵ مرۆڤ، جێگای بە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خوا دا لێژ کرد. خەڵك خۆی بە سەرچاوەی هێزو دەسەڵات زانی. شارومەند لە رۆمای ئینسانێکی ئازاد و لە جێگای"رەعیەت" پێی نایە ژیانێکی ئازادی کۆمەڵایەتییەوە، ئازاد لە ستەم و زۆرملی نیزامی فئودالی و ئازاد لەگشت دۆگم و بەستەلەیەکی فیکری. ئەم رەوتە بەشێنەیی ولە سەرخۆ لە سەدەی شازدەهەمی زایینییەوە دەستی پێکردو لە داوێنی ئەم گۆڕانکاریانە جیهانبینی مرۆڤی بەرامبەر بە خۆی و دەورووبەرەکەی هێنایە گۆڕاندن. ئەم ڕەوتە لەسەدەی هەڤدەهەمدا بە هاتنی فەلسەفەی ئەقڵگەرایی بە لووتەکەی هەرە بەرزی خۆی گەیشت. لەپشت ئەو گۆڕانە مەزنە، بیری و هزری گەورەترین بیرمەندانی ئۆروپایی راوەستابوو. پەنابردن بۆ ئەقڵ و بڕوا بە حکمییەتی سەروەری ئەقڵ کرا بە پێوانەیەکی سەرەکی بۆ رامان لە کۆمەڵ و سرووشت. تا ئەو کاتە، ئاین و کڵیسا گشت دیاردەکانی سرووشت و ژیانی کۆمەڵایەتییان بە هێزە غەیبییەکانی دەرەوەی ئەقڵی مرۆڤ و بەدەر لە دەسەڵات و تواناکانی ئەو دەبەستەوە. بە ساڵانێکی دوور و درێژ، بەربەرەکانییەکی توند کەوتە نێوان لایەنگرانی دەسەڵاتی عورفی و دەسەڵاتی شەرعییەوە. لایەنگرانی دەسەڵاتی عورفی کە پشت ئەستوور بە سەروەری ئەقڵ بوون، پێیان وابوو مرۆڤ گەوهەری ئەقڵ و سەرچاوەی مافە، بۆ خۆی دانەری قانوونە و بە پێی گەشەکردنی کۆمەڵ دەتوانێ بیانگۆڕێ. قانوونەکان لەسەر موعامەلات، قەراردادەکان، داهاتی ئابووری، بێ

لەمپەرە و کۆمەڵ دەبێ ئازادی تەواو بدا بە تاك و تاك سەرچاوەی ماف و دەسەڵاتە. هەر بەم پێیە لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیشدا، دەتوانێ هەڵبژێری و هەڵبژێردرێ.

کەچی لە روانگەی"ماف فتری"یەوە هەموو ئەوانە بە پێچەوانە هەڵکەوتووە. لایەنگرانی ئەو نەزەرە، لەو باوەڕەدا بوون کە ماف و حقوق لە کۆمەڵدا، سەرچاوەکەی خودایە، مرۆۊ کە دێتە نێو کۆمەڵەوە، دەبێ ملکەچی ئەو یاسایانە بێ کە لە ئایندا بۆی دیاریکراوە.

لە حقوقی فتری دا کلیسا و پاپ نوێنەری خودایە. تاك بۆی نییە لە چۆنییەتی ئەو دەسەڵاتە چ بەشدارییەکی هەبێ، بەڵام لە ساماندا تا دڵ دەخوازێ بێ سنوور دەتوانێ خاوەن ماف بێ. هیچ سنوور و کەوشەنێك بۆ مالیکییەت دیاری نەکراوە. کەچی لەگەل ئەوەشدا کۆمەڵ ناتوانێ خاوەن مالیکییەت بێ. هاوکات لەگەل ئەم بەربەرەکانییە، گرنگی و کارتێکردنی سات و سەودای دراوی لە ژیانی رۆژانەی مرۆڤداو داهێنانی زانستی نوێ و پەرەگرتنی شارنشینی و گەشەکردنی ئامراز و کەرستەی بەرهەمهێنان، بوون بە هۆی ئەوەیکە لایەنگرانی دەسەڵاتی شەرعی، رۆژ لە دوای رۆژ پاشەکەشی پێبکرێ و هەلومەرجی لەبار بۆ سەرکەوتنی شۆرش لە فەرانسە خۆش بکرێ و مۆدێلی دەوڵەت– میللەت بێتە ئاراوە.

تیئۆری ئەم شۆڕشە لەسەر سێ کوچکەی، ئازادی، برایەتی، یەکسانی دانرابوو. خاوەن بیران و تیئۆریسێنەکانی ئەو شۆڕشە وەك مۆنتسکو، ولتەر و رۆسۆ مەبەستیان لە هێناگۆڕی ئەو باسە، کۆتایی هێنان بە حکومەتی سەرەڕۆیانەی سەڵتەنەتی و نیزامی ئەشرافییەت و خاشەبڕکردنی ئیمتیازانی فیئودالەکان و دەسەڵاتی لەرادەبەدەری کلیسا بوو. واتە لێك گرێدانی چەمکی دیموکراسی و نەتەوە و دەسەڵاتدارییەتی و هەروەها وریاکردنەوەی میللەت وەك سەرچاوەی راستەقینەی هێزو دەسەڵات لایەنێکی تری پەیام و نێوەڕکی ئەو شۆڕشە بوو. ئیعلامییەی بەڕەسمییەت ناسینی مافەکانی مرۆڤ کە پەیامی هەرە گرنگی شۆڕشی فەرەنسا بوو، لە جەوهەری خۆیدا شتێك جگە لە بەڕەسمییەت ناسینی ماڤ دیاریکردنی چارەنووس بۆ میللەتی فەرەنسا نەبوو. مافێك کە لەودا میللەتی فەرەنسا دەیتوانی دەنگی و ئیرادەی سیاسی ئەو بێتە سەرچاوەی دەسەڵات. کە وایە لە سەرەتادا مەسەلەکە پێش ئەوەی رێگایەك بوبێ، بۆ هەڵەواردنی نەتەوەکان لەیەکتر، هەوڵێك بوو بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتدارییەتی نەتەوە و کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی شەرعی و پاشا یەك لەدوایەکان لەم وەڵاتەدا. هەر بۆیە چەمکەکانی نەتەوە و هاووەڵاتی وەك واتایەکی وەك یەك پێناسەکران.

کەوایە ئەم مۆدێلە هێما بۆ دوو مەسەلە دەکات:

1–لەلایەك مەشرووعییەتی حاکمییەت بە ئیرادەی نەتەوە دەبەستێتەوە.

2–گشت دانیشتوانی وەڵات بەبێ لەبەرچاوگرتنی زمان، رەگەز و پلەوپایەی چینایەتی دەبنە هاووەڵاتی و ئەندامی نەتەوە.

واتە لێرەدا دەوڵەت لەسەر بناغەی چەند گرووپێکی جیاوازی ئیتنۆکلتووری و لەسەر بنەمای((هاووەلاتی بوون))بونیات دەنرێ.

ئەم چەشنە نەتەوە سازییە کە دواتر بەناوی ناسیونالیزمی دەوڵەتی نێودێر کرا، هەر لەسەرەتای لەدایکبوونییەوە، بوو بە هەڵگری کۆمەڵێك گرفت و ناتەبایی چارەهەڵنەگر لەناو خۆیدا. بەو مانایەی لە گەل ئەوەی لە ئاستی نەزەریی و یاساییدا، ئیتنیسیتەی تاکەکانی کۆمەڵ ناکاتە مەرجێك بۆ ئەندام بوون لە مۆدێلی دەوڵەت–میللەتدا، کەچی لە کردەوەدا هەم لەلایەك ئیتنیکی نەتەوەی باڵادەست سەرلەنوێ بە دەسەڵاتی سیاسی ئەو وەڵاتەوە گرێ دەداتەوەو رەوتی ئینتێگرەبوونی کلتوورەکانی تر دەخاتە دەستووری کاری خۆیەوەو هەم لەلایەکی تریشەوە نەیتوانیوە وەڵامێك بە یەکسانی نەتەوەیی لە وەڵاتەکەیدا بداتەوە.

لەم مۆدێلەدا بۆ پێناسەی نەتەوە، ئاوردانەوە لە رابردووی پێکەوە ژیانی نەتەوە بەدرێژایی رۆژگارێکی دوور درێژ شیاوی سەرنج نییە. دیاردەی زمانی نەتەوەیی مەرجێك نابێ بۆ ناسینی نەتەوە.کلتوور وگشت ئەو بایەخانەی نەتەوە کە بەدرێژایی ژیان هێناویەتە بەرهەم، وەك فولکلۆر، ئەدەب و هوونەری نەتەوەیی، هۆکارێك نابن بۆ پێناسەی نەتەوە. لەو پێناسەیەدا

www.ruk2691.org

ئەوەی گرینگە، دەزگای دەوڵەتە. بوونی نەتەوە بە بوونی دەوڵەتەوە دەبەسترێتەوەو ئەو دەبێتە بونیادنەری نەتەوە، نەك بە پێچەوانەکی.

لەم مۆدێلەدا نەتەوە تەنیا سازکراوێکی سیاسییە، واتە نەتەوە لە مێژووی ژیانی رابردووی هەڵدەبرێ و بەشێوەیەکی زۆر میکانیکی و سادە و ساکار لە کات و دەمی سەرهەڵدانی نەتەوە دەڕوانرێ. لەم پێناسەیەدا، نەتەوە لە کارك دەچێ. بە شەوێك لە دایك دەبێ و بۆ بەیانی ناوی لێدەنرێ و نێوێکی دەبڕدرێ.

تئۆریسێنی بیری نەتەوەی کورد مامۆستا جەمال نەبەز لەم پەیوەندییەدا ئاماژە بە خاڵێکی ژیرانە دەکات و دەنووسێ"مێژوو پێمانڕادەگەیینێ کە زۆر گەلی دەوڵەتدار هەبوون، پاش جەنگێك دەوڵەتەکەیان لەدەستچووە، یان دەوڵەتەکەیان دەوڵەتێکی دیکە جیا بووەتەوە لێی، و بووە بە دوو دەوڵەت  یان چەند دەوڵەتێك. بۆ وێنە: ئیمپراتۆریتیی عوسمانی پێش جەنگی جیهانیی یەکەم دەوڵەت بوو. پاش جەنگی جیهانیی یەکەم، هەموو ئەو دەوڵەتە عەرەبییانەی ئەڤرۆی لێدروستبوون. زۆر گەلی واش هەبوون کە دەوڵەتی خۆیان نەبوو، بەڵام پاش جەنگێك یان شۆڕشێك بوون بە خاوەن دەوڵەت. ئەوجا ئێستە ئەم پرسیارەی خوارەوە دێتە گۆڕێ. ئایا ئەو گەلەی دەوڵەتی هەبووە، و *بەهۆی دەوڵەتەکەیەوە بە" نەتەوە" ناسراوە، پاش ئەوەی دەوڵەتەکەی نەماوە، لە شەوو ڕۆژێکدا لە" نەتەوەیەتی"کەوتووە*؟ ئایا ئەگەر هاتو گەلێکی بێ دەوڵەت بەهۆی بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، یان بە پێی پێویستیی بەرژەوەندیی زلهێزێکی کۆلۆنیالیست، دەوڵەتێکی سەربەخۆی دەسکەوت، ئایا *ئەو گەلە لە شەوو ڕۆژێکدا دەبێتە" نەتەوە"؟ یان ئەگەر نەتەوەیەك دەوڵەتێکی هەبوو، و لە ئەنجامی جەنگێکەوە دەوڵەتەکەی بوو بە دوو دەوڵەت، ئایا ئەو نەتەوەیە بە شەوو ڕۆژێك دەبێتە دوو نەتەوەی لە یەك جیاواز؟*

ئەوجا ئێستە ئەگەر گەلێك، یان کۆمەڵگەلێکی ئیتنی، یان بێژین هەر کۆمەڵگەلێکی گەورە، کە بەلایەنی کەمەوە دوو هەزار ساڵێك بێ لە لایەن خۆ و لەلایەن بێگانەوە بەنێوی کوردەوە ناسرابێ، و لەسەر زەوییەك بژی کە نێزیکەی هەزار ساڵێك بێ بە"کوردستان" بەنێوبانگ بێ، و خاوەنی زمانێك بێ کە بەلایەنی کەمەوە600-700ساڵێك بێ پێیبنووسرێ. ئەوجا ئەم کۆمەڵگەلە گەورەیە کە نێزیکەی25ملوێن دەبێ، لەگەڵ ئەوەشدا کە بەسەر پێنج دەوڵەتی بێگانەی سیستەم جیاوازدا بەشکرابێ، و هێندێکیشی پەڕیبێتە ئەم پەڕ و ئەو پەڕی جیهان و هەر بەشێك لێی جنسیەی دەوڵەتێکی بێگانەی دیکەی هەبێ، کەچی ئەمانە هەموو خۆیان هەر بە پەیوەنداری یەك کۆمەڵگەل و یەك زمان و یەك سەرزەوی و یەك کلتوور بزانن، و کە لێیان بپرسیت تۆ چیت، بەر لە هەموو شتێك بێژن: "کوردم"[16]...

بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو راستییانە، مۆدیلی دەوڵەت–میللەت، دیاردەیەکی گشتگر نییە بۆ پێناسەی نەتەوە. ئەم چەشنە نەتەوەسازییە، دیاردەیەکی بەهەڵکەوتی مێژووییە، شەرت نیە مێژوو لە هەموو شوێنێك بە هەمان رەوت دووپات ببێتەوە. ئەوەی لە فەرنسا ڕوویدا، هەڵقووڵاوی هەل و مەرج و کەش و هەوایەکی سیاسی تایبەتی وەڵاتێکی دیاریکراو بوو. هەر لەبەر ئەوە ناکرێ بکرێتە ئولگویەك بۆ پێناسەی نەتەوەکان و بەهاسای بۆ هەموو کەش و هەوایەکی کۆمەڵگایەکی تر بگوێزرێتەوە. ئەگەر لە فەرەنسا دەوڵەت بوو بە بونیادنەری نەتەوە، لە زۆر شوێنی دونیا"وەك ئۆرووپای رۆژهەلات، ئاسیا و ..." ئەم رەوتە بەجۆرێکی تر روویداو ئەوە نەتەوەکان بوون، بوونە هۆی درووستبوونی دەوڵەتی میللی.

---

[16]/جەمال نەبەز، ناسنامە و کێشەی ناسیونالی کورد، ژ56-57

هەتا ئێرە بەم ئاکامە گەیشتین کە لیبڕالیزم توانی لەسەردەمێکدا بێتە ئالأهەڵگری بەرابەری ماف وەك یەك بۆ تاکەکانی کۆمەڵ. لەوەش دوایین بە گوێرەی ئەو بۆچوونە تاك بەبێ لەبەر چاو گرتنی جینسییەت، رەگەز و ئاین...هتد لەهەموو هەڵسوکەوتەکانی کە بۆی دیاری کراوە، ئازادە و ئەگەریش خرایە ژێر فشار و زەختەوە، مافەکانی بەشێوەیەکی یاسایی دەپارێزری.

لەنێوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا، لەهەمبەر ئەو پێناسەی لیبڕالیزم لەسەر مافەکانی تاك، دەرگا لەسەر روانگەیەکی دژبەر کرایەوە.

ڕوانگەی دژبەر هێما بۆ ئەو ڕاستییە کرد کە ئەگەر دەستی تاك بە شێوەیەکی بێ سنوور ئاواڵە دەکرێ، بۆ دەس بەسەرداگرتنی دەسەلأت وسامان لە کۆمەڵدا، ئایا رادەی ئەو ئازادییە بێ سنوورە، ئازادی تاکەکانی دیکەی کۆمەڵ ناخاتە مەترسییەوە؟ ئایا لە کۆمەڵگایەك کە بناغەکەی لەسەر قازانج و سوود پەرەستی دامەزراوە، هەموو تاکەکانی کۆمەڵ دەتوانن بە مانای راستەقینەی وشە، بەرامبەر بن؟

ئایا نابێ ئاورێك لە بواری ئابووری و کۆمەلأیەتی شارومەندیش بدرێتەوەو تەنیا بەرابەریی قانوونی نەکرێتە پێوانە بۆ ئازادی و یەکسانی تاکەکان لە کۆمەڵدا؟

بەرهەمەکانی جۆرج ویلهم هگل، لودویك فۆیەرباخ و کارل مارکس، شوێنێکی گەورەیان دانا بۆ پێداچوونەوەیەکی سەرلەنوێ بە چەمکی شاروومەندی. هەرکام لەو بیرمەندانە، بەتایبەتی مارکس بەهۆی بەرهەمەکانیانەوە زبری گورجوبڕیان لە بیرو ئەندێشەی تاك گەڕایانەی لیبڕالیزم وەشاند. فۆیەرباخ پێی وابوو، بۆ ژیانی مرۆڤ غەمی نان، ئەقڵ و ڕۆح دەهەژێنێ و لەو گوشەنیگایەوە ویستی بڵێ ئەگەر غەمی نان گرنگترین گرفتی ژیانی ئینسان بێ، بەبێ ئاوردانەوە لەم بوارەش ئیمکانی بەشداریی چالاکانەی لە کۆمەڵ بۆ ناکرێ. فۆیرباخ بەتوندی کەوتە خانەی بەربەرەکانی تەفسیری تاکگەرایانەی"کانتەوە".

مارکس بەوێنەی بیرمەندێکی گەورە و مەزن، نکۆڵی لە گۆڕانکاری و دەسکەوتەکانی کۆمەڵگای بۆرژوایی نەگرت. کەڵك وەرگرتنی مارکس لە واتا گەلێکی وەك"سەنعەتی مۆدێرن"، "تەبەقەی مۆدێرن" و"سیاسەتی مۆدێرن" دەربڕی ئەو راستییەن. بەلأم مارکس هاوکات لەگەل ئەوە رزگاری مرۆڤی لە نەمانی نیزامی سەرمایەداریدا دەدیت، بۆ ئەوەی ئینساکان لە کۆمەڵ بتوانن ماف راستەقینەی بەرانبەریان هەبێ. بە گوێرەی ئەم بیرە، ئازادی و مافەکان کۆیە. بەختەوەری تاك لە بەبەختەوەری کۆدایە. کۆش ماف تاك دیاری دەکات. کۆمەڵ خاوەنی کەرەسەی بەرهەمهێنان و مالیکی سەروەت وسامانی گشتییە. بە پێی ئەو نەزەرە لە دوایین قۆناغ هەر کەس چەندە پێویستی بە بەرهەمی کۆمەڵە، دەتوانێ کەڵکی لێ وەربگرێ.

ئەزموون و تاقیکردنەوە تا ئێستا نیشانیداوە، ئەم روانگەش نەیتوانییەوە ئەلگۆیەکی سەرکەوتووانە بۆ گیروگرفتە جوارەوجۆرەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بهێنێتە بەرهەم. لەم رەوتەشدا بە بیانووی قازانجی گشتی نەخش و دەوری تاك لەبوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەلأیەتی بێ بایەخ کراو نەیتوانی چارەسەرێك بۆ دۆزی نەتەوە ژێردەستەکان لەگەل خۆی بەدیاری بێنی. بەم جۆرە دوو قۆتابخانەی فیکری و سیاسی کەوتنە بەربەرەکانی کردن لەگەل یەکتر، لە لایەك لیبرالیزم بوو کە پتر جەختی لە"سەر تاك"دەکردەوە لەلایەکی دیکەش مارکسیزم بوو کە کۆی بە پێوانەی بەختەوەری کۆمەڵ دەدیت.

لەم کێبەرکێیەدا دەرگا لەسەر رێگایەکی سێهەمیش کرایەوە بەناوی سۆسیال دیموکراسی کە پێی وابوو بەهۆی دەوڵەتی رەفا و تعدیلی سەروەت لە مارکسیزم باشتر دەتوانێ وەلأمی گیروگرفتەکانی شارومەندان بداتەوە چ لە بواری حقوقی مەدەنی و چ لەبواری حقوقی سیاسی و ئابووری و کۆمەلأیەتیدا.

ئێستا ئەگەر بمانەوێ سەرئەنجامێك لەو باسەی تا ئێستامان وەربگرین و نەمانەوێ لەوە زیاتر خۆ بە پێشینەی مێژوویی چەمکی شارومەندییەوە بخافڵێنن جێگای خۆیەتی بڵێین: لە ولأتێکی کە نەتەوەیەك توانیویەتی سەروەری نەتەوەیی خۆی بە

www.ruk2691.org

دەست بێنێ و خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی بێ، بەڕەسمییەت ناسینی مافی شارومەندی لە هەموو بوارەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتووریدا رەمزێکە بۆ سەقامگیر کردنی دیموکراسی و رەوتی پێشکەوتن لەو وەڵاتەدا. ئەوەیکە دانیشتوانی خەڵکی وەڵاتێك بتوانن چەشنی دەسەڵاتی سیاسی بۆ وەڵاتەکەیان دیاری بکەن، دەنگ بدەن، بە دەنگی ئەوان ئاکامی هەڵبژاردن دیاری بکرێ و خاوەنی مافی لێپرسینەوە لە دەوڵەت بن و مافی سەفەر و هات و چوویان هەبێ... کام ئەقڵی سەلیم دەتوانێ بە دژی ئەو مافانە بێ؟ بەڵام ئەگەر هات لە کۆمەڵگایەکی تر کۆمەڵێك کێشەی بەرین تریش لەئارادا بوو، وەك کێشەی نەتەوەیی داخوا مافی شاروومەندیی دەتوانێ ڕێگاچارەسەرێك بێ؟

لە وەڵاتێکی فرە نەتەوە چی؟ لە وەڵاتێکی کە چەند نەتەوەیی جۆراوجۆری تێدا دژی و سەروەری نەتەوەیی تەنیا لە پاوانی نەتەوەیەکی دیاریکراودا بووە و هەموو ئامراز و ناوەندە گرنگەکانی دەسەڵاتی لەژێر چنگی خۆی خستووە، چەمکی شارومەندی بۆ دەربڕینی ئەم جیاوازییانە چەندە لەسەر هەستە؟ ئەم چەمکە دەتوانێ چۆن وەڵامی ئەم جیاوازییانە بداتەوە و چ دژکردەوەیەکی هەیە؟ بۆ وێنە، یەهوودییەکان بەتاوانی یەهوودی بوون لە سەردەمی هیتلەردا دەست کرا بە قەڵاچووکردنیان، یا خۆ ئێمەی کورد بە تاوانی کوردبوون، هەڵەبجە و ئەنفالمان تووش بووە، ئایا هەر بەویکە بڵێن هەموو دانیشتوانی ئەو وەڵاتە وەك تاك مافی قانوونی یەکسانیان هەیە، مەسەلەکە وەڵامی شیاوی خۆی پێ دراوەتەوە؟ یاخۆ دەبێ ئەم بەرابەریی و یەکسانییە لە دەسەڵاتیشدا خۆی بنوێنێ؟ ئایا لە ژێر سێبەری ئەو تیئۆرییە، گشت نەتەوەکان توانیویانە هەر مانی نەتەوەیی خۆیان بپارێزن، یاخۆ لە کەوڵی مۆدێرنێتە و مافی شارومەندیدا نەتەوەی باڵادەست، ئێتنیستەی خۆی بە شێوەیەکی دیکە سەرلەنوێ ئاوێتەی دەسەڵاتی سیاسی کردووەتەوەو بە کردەوە لە هەوڵی ئەوەدا بووە، نەتەوەکانی تر لە خۆدا بتوێنێتەوە؟ لێرەوە، ئیتر لە گێڕانەوەی باسێکی مجرەدو تاریخی دەرباز دەبین و ئەمبازی تەوەرێك دەبین کە راستەوخۆ پەیوەندی بە ژیان و چارەنووسی ئێمەی کوردیشەوە دەبێ. گرینگی باسەکە داوامان لێدەکا پتر لەسەر هەست بین. بۆ تاوتوێ کردنی هەموو ئەو پرسیارانەی وەروژاندرا، سەرەتا لە گیروگرفتەکانی ئەم چەمکە بە شێوەیەکی گشتی دەدوێن. پاشان لەگەڵ خۆمان هەیکەلی ئەم چەمکە هەڵدەگرین و لە وەڵاتێك لێ دەڕوانین کە مکۆی و زێدی لە دایکبوونییەتی. لەم گشتەدا ئێمەسەزەر دەجووڵێنین و دێنینە قسە. لەو دەپرسین شارومەندی مانای چییە؟ ئەو دەزانێ لەژێر ئەم ناوەدا چۆن نەتەوەی سەردەست دەتوانێ کلتوورو سەروەری خۆی بسەپێنێ؟

– ئینجا چەمکی شارومەندی بۆ کورد دەخەینە تای تەرازوو و کۆتای بەباسەکەمان دێنین.

لەگەڵ هەموو ئەو بەرەوپێش چوونانەی تا ئێستا چەمکی شارومەندی بەخۆیەوە دیووە و بە تێپەڕبوونی کات و سەردەم لە نێوەڕۆکدا گۆڕانی بەسەر هاتووە، هێشتاش هەڵگری گرفتی جیدی و گرێ و گۆڵی زۆری لە خۆدا کۆکردووەتەوە. بنبەستی هەرە گەورەی مۆدێلی دەوڵەت–میللەت چۆنییەتی تێهەڵکەوت دەگەڵ ئێتنیسیتەتە. بە گوێرەی ئوسول و پرەنسیپ و بەڵێنەکانی ئەم مۆدێلە، قەرار بوو لە کاتی پێناسەی نەتەوە، پشت بە دیاردە"قومی"و کلتووریی"یەکانی هیچ ناسیونێك نەبەستێرێ، کەچی ئەوەی لە کردەوەدا دیترا بە پێچەوانەی بنەما راگەیاندراوەکەی خۆی سەرلەنوێ دەستەملانی چەمکی ئیتنیسیتە بووەتەوە. ئەو ئاشتبوونەوەیەش لە دوو بواردا بە هاسانی دەگرێ دەستنیشان بکرێ، بۆ نیشاندانی قەیران و بنبەستی مۆدێلی دەوڵەت–میللەت بۆ رامالینی چەمکی ئیتنیسیتە لە خۆی.

بواری یەکەم چۆنییەتی تێهەڵکەوت دەگەڵ ئەو کەسانەیە کە وەك پەنابەر یا خۆ بۆ کارکردن لە وەڵاتانی ئۆروپایی گیرساونەتەوە. وەك ئاشکرایە لە هەمووان لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی ژمارەیەکی بەرچاو بۆ بواری ئاوەدانکردنەوە، رێگایان پێدرا لە بازاڕی کاری ئەو وەڵاتانە وەربگیرێن. جگە لەوەش بەهۆی بوونی رژێمە دیکتاتۆرییەکان لەمێژساڵە خەڵکێکی بەرچاو بۆ رزگاربوون لە هەڕەشەی لەناوچوون، ڕوویان لە وەڵاتەکانی ئۆروپایی کردووە. ئەوەی تا ئێستا دیتراوە، هەردووك دەستە واتە چ ئەوانەی بۆ فرۆشتنی هێزی کار ڕوویان لەو وەڵاتانە کردووەو چ ئەوانەی راونراوی دەستی رژێمە دیکتاتۆرییەکانن، مەسەلەی ئیتنیسیتە بووەتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ ئەوەی نەتوانن لەمافی شارومەندی بەهرەمەند بن.

www.ruk2691.org

به گوێرەی راپۆرتی ڕێکخراوی ئۆروپایی گەشە و هاوکاری ئابووری، تا ساڵی1995ژمارەیەکی نزیك بە 14،19ملیون خارجی نیشتەجێی ئەو وەڵاتانەن، بەڵام لەو ژمارەیە تەنیا6،7ملیون کەسیان وەك شارومەند بەحیساب دەهێندرێن. ئەوە لە حاڵێکدایە بەشێکی بەرچاوی ئەو رێژەیە هەر لەو وەڵاتانەش لەدایك بوون، بەڵام بەهۆی رەبتدانی تابعییەت بە ئیتنیسیتەوە(واتە بە بەرچاوگرتنی ئەسلی"خۆیان")بۆتە لامپەرێك بۆ ئەوەی بە شارومەندانی ئەو وەڵاتانە وەرنەگیرێن. جگە لەوە، کاتێکیش دوای بڕینی قۆناغێکی دووردرێژ، وەك شارومەند قبووڵ کران، دەبێ لە ئیتنیسیتەی پێشووی خۆیان وازبێنن ولە ئیتنیسیتەی نوێدا خۆ بتوێنێتەوە.

ئەگەر لە تەنگەبەری چەمکی شارومەندی لە هەمبەر بیانی تێپەڕین، دەتوانین لا لە گرفتێکی جیدی تری ئەم چەمکە بکەینەوە. ئەویش ئەوەیکە بەکردەوە ئەوەی تا ئێستا دیتراوە، لە قالبی عەوام هەڵخەڵەتێنی ماڤ بەرابەری شارومەندی و لانەکردنەوە لە ئێتنیسیتەی تاکەکانی کۆمەڵ بۆ بەشداربوون لە ژیانی کۆمەڵایەتی، ئیتنیستە و کولتووری نەتەوەیی باڵادەست سەپێنراوەتەوە. واتە لێرەدا بەهۆی بوونی دەوڵەتێکی مۆلدراوی سێنتراڵ و بەهێز، سەر لەنوێ ئێتنیسیتەی نەتەوەی باڵادەست لە گەڵ حاکمییەت، سەرەوەری پەیداگردووەتەوە و کەمە نەتەوەکان و گروپە فەرهەنگییەکان، بەرەو توانەوە راپێچەك دراون. نموونەی بەرچاوی ئەو راستییە، وەڵاتی فەرەنسایە کە زێدی لە دایکبوونی مۆدێلی دەوڵەت–میللەتە لە سەر بنەمای ماڤ شاروومەندی. باوێکرا گوێڕایەڵی چەند بەشێك لە وتوێژێکی ئەمە سەزەر بین.

لە دەوڵەت –میللەتەوە بۆ نیزامی فیدراڵی

ئەمە سەزەر لایەنگیری هەرە بەناوبانگی نیگریتیوواتە واتە هەبوون و کەسایەتی رەش پێستەکان و شاعیر و دۆستی نزیکی سێدار سینگۆر کە لە هەر سێ بەرهەمی شیعری خۆیدا شیلگیرانە لە شۆڕشی رەشپێستەکان دەدوێ و لە کاتی گەڕانەوەی بۆ وەڵاتەکەی خۆی، سەرکەوتووانە بوو بە نوێنەری شیعری وەڵاتەکەی و داکۆکی لە شۆڕشی رەشپێستەکان دەکرد.

لە سێ شوێنەواری خۆیدا(کریستوف شا،1936)وەرزێك لە کۆنگۆ1961و ووتارێك لەمەر ئیستیعمار1950و توس لوور توور بەشیلگیری باسی شۆڕشی رەشپێستەکان دەکا و وەکو رووناکبیرێکی بەرپرس لە خەباتدا بەشداری کردووە. بەدوای شەڕدا بووەتە ئەندامی حیزبی کۆمەنیستی فەرەنسە و لە 1956لەو حیزبە دەرکەوتووە. لە نامەیەکدا بۆ مۆریس توورس هۆی وەدەرکەتنەکەی لەحیزب باسکردووە. سەزەر لەدەورانی دوورو درێژی نوێنەرایەتییەکەی لە پەرلەمانی فەرەنسە1945–1993توندوتۆڵ لە هەموو وتوویژەکانی پەیوەندیدار بە لایەنەکانی گیروگرفتی نێوان سەرزەوینەکانی ئەوپەڕی دەریاکان و میترۆپۆل بەشداری کردووە. ئەمرۆ کە لەو هەڵومەرجەدا کە نموونە جۆراوجۆرەکان لە حالی گۆران و پوواندان، سەزەر مارتینیکییەکان بۆ خۆسازدانی بیرۆکەیەکی تازە بینیات نراو کە دەبێ بەرهەمی پێشکەوتن و گەشە ئەستاندنی بیری مارتینیکییەکان بێ بانگێشتن دەکا. ئەم ووتوویژە لە 12ئاوریل1994لە لۆمەندا چاپ کراوە.

پرسیار: ئێوە هەم شاعیرن و هەم مەئموری دەوڵەت و هەر وەها شارداری پراگماتبستی فۆرت دوفرانس. ئێوە بەو دوو چەشنە ژیانە چۆن دەژین؟

وەڵام: من شاعیرم و نووسەر، بەڵام بەرپرسایەتیش بە پێویست دەزانم. رووداوەکان فێرمان دەکا کە رووناکبیر ناتوانێ لە خێوەتی تایبەتی خۆیدا بمێنێتەوەو لەوەش بەولاوەتر من مارتینیکی و رەنگین پێستم و سەر بە رەگەزێکم کە هەموو توند و تیژییەکانی مێژووی بە شان هەڵگرتووە. لەو رووەوە وابزانم کەدەبێ دژ بە نەبوونی عەداڵەت، هەژاری و رەگەزپەرەستی خەبات بکەم. ئەم وەزعە هەبوونی من لە جیهانی سیاسەتدا بە شێوەیەکی سرووشتی دیاری دەکا.

هەبوونی من بە هیچ جۆر ئاکامی پلەخواری نەبووە. دیارە من لەبەرامبەر رەوتی رووداوەکان لە قبوولی بەرپرسایەتی خۆم نەکێشاوەتەوە.

پرسیار: ئێوە لە 1946وە لە مەجلیسی میللی فەرەنسە ریپۆرتێری قانوونی بە ناوبانگی گۆڕینی مارتینك، گوادلۆپ، گویان و یونیون بوون بۆ ئەوە ببنە بەشێك لە فەرەنسە. ئێوە لەسەرانسەری تەمەنتاندا بەردەوام بۆ پاراستنی ڕێز بۆ جیاوازییەکانی فەرهەنگی تێکۆشاون، چۆن توانیوتانە بچنە ناو پرۆسەیەکەوە کە بە ناچار بەرەو ئاسیمیلەکردنی ئەو ناوچانە دەچوون؟

وەڵام: هەڵبژاردنی من بۆ نوێنەرایەتی مەجلیس لەبەر ویست و داخوازێکی ورد بوو. هەژاری لە نێو خەڵکی مارتینیکدا لەرادە بەدەر بوو. ئەوەش لە حاڵێکدا بوو کە ئیدۆلۆژی کۆماریخوازی شانبەشانی ئیدۆلۆژی مارتینیکی ئەو بیرەی خستبووە مێشکەوە کە کۆتایی هاتنی دەرد و ڕەنجی خەڵك پەیوەندی بەوەوە هەیە کە خەڵك ببنە هاووەڵاتیی فەرەنسە. ئەویش هاووەڵاتییەکی تەواو و بێ کەموکوڕی. ئاواتی مارتینیکییەکان ئەوە بوو کە کۆتایی بە رژێمی ئیستیعماری بهێنرێ و ئەو ئاواتەش لەلایەن چەپەکانی فەرەنسەوە شکڵی پێدرابوو. ڕێگەی گەیشتن بەو ئارەزووە لە نەزەر ئەوانەوە گۆرانی مارتینیك بە بەشێك لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی فەرەنسە و گۆڕینی بۆرەپیاو بە هاوشاری بوو. ئەو ویستە خەیاڵپلاوێکی گەورە بوو، دیارە ئەوەش بۆ ئەوانەی بە کۆلۆنییەکان دەناسران زۆر سرووشتی بوو. بوون بە هاوشاری فەرەنسیی و ویستی بەرابەریی لە گەل ئیستعمار یەکەمین بزاڤ مەستەعمەرە کراوە.

لە 1945کە من بووم بە شاردار، خەڵك چ چاوەڕوانییەکیان لە من بوو؟ ئەوان دەیانگوت کە بگەڕێمەوە سەر ئەو شتە کە بە"تێهەڵکێشان"ناودێرکراوە. ئەو کارەی منیش کردوومە و لەو ماوەیەدا خەریکی شرووڤەکردن و هەڵسەنگاندنی ئەم درووشمە بووم و ئەوم رادیکاڵتر کرد. بەر لە هەر شت، ئەو وشەیەم ڕەتکردەوە کە لێی دەترسام. خەڵك نەیدەزانی"تێهەڵکێشان" بەمانای"لە خۆداتەکان"بوو.

من لە پشت ئەو داوایەدا وەدوای هێندێك ویستی تایبەتی کەوتم و لە خۆم پرسی بەڕاستی خەڵك چی دەوێ؟ ئەوان دەیانوویست کە قانوون جێگەی دەستوور و فەرمان بگرێتەوە و ریزی لێبگرێ. میترۆپۆڵ لە گەل مارتینیك هاوپێوەندیی نیشان بدات و قانوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەو ناوچەیەدا بەڕێوە ببردرێ. لەو ڕووەوە من وشەکەم گۆڕی و وشەیەکی دیکەم داتاشی. من هەرگیز باسی تێهەڵکێشانم نەکردووە، بەڵکو باسی دیپارتمانیی بوونم کردووە(ناوچەگەری)ئەوەش شۆڕشێك لە جیهانی وشەدا بوو. هەروەها ئاکامی دوور و درێژی هەبوو. کاتێ کە من گەڕامەوە، سەرکەوتنێکی گەورەم بە چاوی خۆم دی، چونکە هیچ یاسایەك لەلایەن مارتینیکییەکان ئەوەندە خۆشەویست نەبووە.

پرسیار: بەڵام پاشان هەڵومەرجەکە بە پەلە بەرەو خراپ بوون چووە، ئێوە دەستتێوەردانی ئەو قانوونانەتان لە ڕەوتی بەڕێوەبردندا مەحکوم کرد، تەنانەت نازناوی رژێمی ئیستیعماری نهێنی کە هەبوونی گەلانی دەوروبەر پێشێل دەکا، لەسەرت داناو پاشان لە ساڵەکانی60و70دا هاتییە ریزی کۆماریخوازان. ئێوە کە لایەنگری بە هەستی ناوچەگەریی بوون، چۆن بەو بەراوردە بێ ئاکامە گەیشتن؟

وەڵام: من بە تەواوی وجوودمەوە بەوە گەیشتم کە لە نێوان ئێمە و فەرەنسەدا تێنەگەیشتنێکی قووڵ هەیە. لە فەرەنسەدا کاتێ باسی تێهەڵکێشانە مەبەست لە خۆداتەکاندن، فەرەنسەوی کردن و بە ناوەندکردن بوو. من هەروەها بەو ئاکامە گەیشتم کە لە بەرابەر گۆڕینی ناوچەگەلی دەوروبەر بە دیپارتمان هەڵویست گرتن لە ئارادا بووە. بیهێنە بەر نەزەری خۆتان کە بۆدابینکردنی نیزامی ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی لێرە دەساڵی خایاند، ئەوەش بە شێوەیەکی سواڵکەرانە بەکەم زانی و بێ مایە دامەزرا. بە وتەیەکی دیکە دەبوو ئەو تێهەڵکێشانە کوت کوت، لە چنگی دەوڵەتی ناوەندی دەربێنین. بۆ بەڕێوەبردنی هەر بەندێ لەو قانوونە، خەباتێکی کەمو زۆر کەم بینانە پێویست بوو. فەرەنسە بە توندی بێ مەیل بوو و خۆی نەدەپاراست و من تاڕادەیەك ئەم هەستەم هەبوو کە کڵاومان چووەتە سەر. بەم پێیە قبووڵم کرد کە سەرەڕای ویست و تێکۆشانی من،

سیاسەتی دیپارتمانکردن، ناوچەگەریی شکستی خواردووە و ئەوەم وەلاناوە. نە هەر من، بەڵکو هەموو ئەو راستییەیان دەزانی.

پرسیار: لەو کاتەدا بوو کە ویستی خودموختاریت هێنایەگۆڕێ؟

وەڵام: من ئەو مەسەلەیەم هێنایە گۆڕێ لەبەر ئەوە، لەمەوبەر من ئەوەم دەزانی و لەو رووەوە من لەگەڵی خۆم لە پێشتر بووم. لە حاڵەتێکدا مارتینیکییەکان ئامادەی قبووڵکردنی ئەو بوون. ئەوان لەو ویستە نەدەگەیشتن و لە فکری وەدەستخستنی دا نەبوون. هەر شتێك بەرەوژوورتر لە تێهەڵکێشان بۆ مارتینیکییەکان بەمانای جیایی، سەربەخۆیی یان شتی لەو بابەتە بوو. دیارە حاکمەکانی فەرەنسەویش ئەو فکرەیان پشتگیری دەکرد. لەو کاتەدا بوو کە من تێگەیشتم کە مارتینیکییەکان ئامادەی سەربەخۆیی نین. بیری نەتەوەیی مارتینیکی لە گۆڕێدا نەبوو. خەڵك لە هوییەت و هەبوونی مارتینیکی ئاگادار نەبوون. شکڵگرتنی ئەو فکرە و هەبوونی، پێویستی بە خەبات هەبوو و ئەو خەباتەش دەبوو بە دژایەتی لە خۆداتەکاندنی فەرهەنگییەوە دەستپێبکات.
من باوەڕێکی قووڵم بەوەیە کە گەلی مارتینیکی، چەشنێك تایبەتمەندیی مارتینیکی هەیە و لەبەر ئەوە ئێمە تەنانەت ئەگەر بە هۆی سیاسییەوە لە چوارچێوەی فەرەنسەدا بمێنینەوە، دەبێ بە دوای چوارچێوەیەکی تازە و گەلاڵەی تازەوە بین کە بە ئێمە رێگابدەن لەگەل ئەوە کە لە چوارچێوەی فەرمانڕەوایی فەرەنسەدا دەمێنینەوە، هوویەت و هەبوونی خۆمان رابگرین. بە وتەیەکی دیکە، ئێمە پێویستیمان بە پەیوەندییەکی دیالکتیکی هەیە، نە توانەوەو نە سەربەخۆیی، بەڵکو فورمولێك کە سەنتێزێکی ئەو دووە بە دەستەوە بدات. واتە لە یەك کاتدا خۆ مانەوە و لە گەل غەیرە مانەوەمان بۆ بلوێنێ. ئەو فورمولەش، هەر ئەو خودموختارییە بوو کە ئێمە پاش تێپەڕکردنی رێگەی پێچەڵاوپێچ پێی گەیشتین. ئەو کارە بە نەزەری من زۆر سرووشتی دەهاتە بەرچاو، بەڵام نازانی لەگەل چ کەند و کۆسپ و گیروگرفتێك، رووبەڕوو هاتین. کتوپڕ گوتیان سەزەر گاڵتەمان پێدەکا.
هەموو دەزانن کە خودموختاریی... پرسیار بەرهەیوانی سەربەخۆییە؟

وەڵام: هەموو دەزانن کە خودموختاری شوێنی چاوەڕوانکردن و پێشەکیی سەربەخۆییە. دیارە ئەوە وایەو دەبێ ئەوەش بگوترێ کە خودموختاری لە سوننەتی فەرەنسەدا جێی نییە. بە چ دەلیل؟ بە دەلیلی روونی مێژوویی، چونکە فەرەنسە وڵاتێکی کەونە یەکییەتییەکەی بە زەبری شمشێر پێکهێناوە. پیکاردییەکان، فۆرماندییەکان، باسکەکان، بەریتانییەکان دانیشتوانی فەرەنسەیان سەرکوت کردووە و داگیریان کردووەو رۆژێك رایانگەیاندووە کە فەرەنسە تاقانەیە و دابەش ناکرێ. ئەو کارەش راست نیە. فەرەنسا زۆریش شیاوی دابەشکردن بووە. لە بنەڕەتیش را بە زۆری چەك و دابینکرنی گوێڕایەڵی تایبەتمەندییەکانی ناوچەیی بوو بە تاقانە. سەیریش ئەوەیە کە لە کۆتایی سەدەی بیستدا لە چەمکی خودموختاریی ناگەن. کاتێك من دەمویست چەمکی ناوچەگەری بۆ گوێگرانی خۆم شی بکەمەوە، دەمگوت قانوونی بنەڕەتی ئیتالیا بخوێننەوە تا بزانن من دەڵێم چی. بە بڕوای من ئیتالیاییەکان تێنەگەیشتووترین گەلی جیهان شیاوی ئافەرینکردنن. ئەوان بە هیچ جۆر کاریان بە دەلیل و بەڵگەهێنانەوە نییە. ئەوەش زۆر سەرەنجڕاکێشە: بەندی یەکی یاسای بنەڕەتی ئیتالیا دەڵێ: کۆمار تاقانەیە و دابەش ناکرێ. بەندی دووهەم لێی زیاد دەکاو دەڵێ: کۆمار هەبوونی تایبەتمەندییەکانی ناوچەیی بە ڕەسمی دەناسێ و پشتگیری لێدەکا. لە مەبەستم تێگەیشتن؟ ئەوە قانوونی بنەڕەتیی فەرەنسەیە کە لە ئاڵوگۆڕان وەپاش کەوتووە.

پرسیار: ئێوه دهمێك پێشتر گوتتان باوهڕتان به گهلی مارتینیكی ههیه و ههر وهها لێتان زیادكرد و گوتان كه درووشمی سهربهخۆیی به موناسب نازانن. ئایا گهلێك دهتوانێ بێ ئهوه ئامانجی گهیشتن به سهربهخۆیی له بهرامبهر خۆیی دانێ و جودی ههبێ؟

وهڵام: بهڵێ دهتوانێ. دهبێ چهمكی دهوڵهت–نهتهوه وهلانرێ و چهمكێكی دیكه رهچاوكهی كه چهمكی فیدڕالی یا فێدراسیونی گهلانه. جیا لهوهش ههر ئێستا به كردهوه، دهوڵهتی چهند نهتهوهیی ههیه، ههر چهند به داخهوه ههڵویستگرتنی هێندێك لهوانه كارساز نییه. ویستی ئێمه جیابوونهوه لهو كۆمهڵهی كه به سهدان ساڵ ئێمه بهشێك لهو بووین، نیه. بهڵكو ئهوهیه كه بهشێوهیهك ههبوونی خۆمان، خودموختاریی گهلهكهمان، كهسایهتی خۆمان له دهروونی ئهم كۆمهڵه گهورهیهدا به ڕهسمی بناسێنین.[17]

مافی شارومهندی بۆ كورد له تای تهرازوودا

ئهگهر له وهڵاتێكی وهك فهرهنسا كه له مێژساڵه خاوهنی كلتوورو سیستێمێكی دیموكراتییه، مهسهلهی نهتهوایهتی نهیتوانیوه به هۆی مافی شاروومهندییهوه چارهسهر بكرێ، داخوا دهبێ له وهڵاتهكانی ئیران و توركییه كه شونیزم و حاشاكردن له هویهتی میللی نهتهوهكان رابردوویهكی له مێژینهی ههیه، دهتوانێ چ دهورێكی ههبێ؟
لایهنگرانی تیئۆری مافهكانی شارومهندی پێیان وایه به جیاكردنهوهی تایبهتمهندی رواڵهتی ئیتنیسیته له حاكمییهت وناسیونالیزم، رێگا بۆ چارهسهریی مهسهلهی نهتهوایهتی دانیشتووی یهك وهڵات خۆش دهكهن. بهڵام ئایا ئهوه تهنیا ئۆتۆپی و خهیاڵێك نیه و دهتوانێ له جیهانی واقیع و راستهقینهدا بێته دی؟
با له بهردا برۆكهیهك ئهو مهسهلهیه شی بكهینهوه.
لهگشت وهڵاتێك به پێی قانوونی بنهڕهتی(ئهساسی)بنهماكانی قانوونی حاكمییهت بۆ وهڵات دادهڕێژێ. له هیچ وهڵاتێكدا و له هیچ قانوونێكی بنهڕهتیدا نانوسرێ كه ئهو دامهزراو بنیاتانه هی وهڵاتێكی نهدیار و گوم بوو له چۆڵگه و بیاباندایه. بهڵكو دهنووسرێ ئهو قانوونه هی فلآنه وهڵاته و بهو تایبهتمهندییانهوه كه ههیهتی و هی كام دهسهڵات و دهوڵهته. واته ههر له سهرهتاوه قانوونه بنهڕهتییهكهی وهڵات دهبێ دیاریی بكات، ئهم قانوونه بۆ كام كۆمهڵه و ئهو كۆمهڵه چ تایبهتمهندییهكی ههیه و ئهگهر له قانووندا ئهو تایبهتمهندیانه دیاری نهكران، له راستیدا دهبێ بگوترێ كه حاكمییهت پێك نههاتووه و دهوڵهت ناتوانێ له ههڵسوكهوتی خۆیدا رێگایهك بۆ بهرهوپێش چوونی خۆی و بهڕێوهبردنی كاروباری كۆمهڵهكهی لهبهر چاوبگرێ.

---

[17]/ ئهم بابهته له گۆڤاری"میهن"، ژ6–7چاپ بووهو له لایهن بیژنی رهزایی بۆ فارسی وهرگێڕاوه، منیش چهند بهشێكم بۆ سهر زمانی كوردی وهرگێڕا.

www.ruk2691.org

یانی حاکمییەت و دەوڵەت بەبێ دیاریکردنی تایبەتمەندییەکانی ئیتنیکی، زمان، سنوور و بنەمای قانوونی و بنیاتەکان جێگیر نابێ.

حاکمییەت بەردەوام و نەگۆڕە و بەپێکهاتنی دەوڵەتی میللی کە حاکمییەت دەپارێزێ، هەموو بنیاتەکانی حکومەت و حاکمییەتدا دادەمەزرێن. لە کۆڕ و کۆمەڵە نیونەتەوەییەکاندا دەناسرێن. رێکەتننامە و قەرارداد دەبەسرێن و دانیشتوانی وەڵات پێناسەی سەر بەو وەڵاتەیان دەبێ کە تێدا دەژین...لەڕاستیدا دەوڵەتێك ناتوانێ وجودی هەبێ کە پێناسەی میللی نەبێ. لەو حاڵەتەدا ئێتنیسیتە ئاولێ دوانەی حاکمییەتە. نزیك بە دوو سەد نوێنەرایەتی وەڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان، نوێنەرایەتی ئەو گەلانە دەکەن. هەر وەڵاتێك بەناوی خۆیەوە لەبڕیاردان بەشداری دەکا و کەسایەتی حقوقی و سیاسی تایبەت بەخری هەیە.

لەو ڕووەوە هیچ وەڵاتێك بەبێ پێناسەی نەتەوەیی لە ئۆرگانەکانی نێودەوڵەتانیشدا ناتوانێ هەبێ. ئەگەر تیئۆریك خوازیاریی لەنێوبردنی تایبەتمەندی ئێتنیسیتە بێ، چ شتێکی دیکەی لە جێ دادەنێ، نەدیارە. چونکە ئەو نەتەوەیە لەهەر حاڵێکدا خاوەنی فەرهەنگە، خاوەنی زمانە، خاوەنی مێژووە، بەهیچ شێوەیەك ناکرێ ئەو تایبەتمەندیانەی لێ وەرگرێتەوە. کەوابوو، ئەو بۆچوونە هەر لە خزمەتی نەتەوەیی دەسەڵاتدارادایەو نەتەوەیی بێبەش کراویش هەروا دەم بە پوش دەمێنێتەوە.

تیئۆری نەهێشتنی ئێتنیسیتەی ئاغای وەلی لە دەسەڵات، لە ڕاستیدا هێشتنەوەی برینی کۆنی قرتماغە گرتووە. وایدادەنێین لە ئیران هەلێ ومەرجێکی نائاسایی بێتەگۆڕێ، نەتەوەکانی دانیشتووی ئیران زەبروزەنگی حکومەتی سانتراڵیان بەسەرەوە نەمینێ و داوای سیاسی و بەشە دەسەڵات بکەن، لەو حاڵەتەدا ئەم تیئۆرییە چ وەڵامێکی بۆ ئەو نەتەوانە پێیە؟ بەستێنی دەسەڵاتی نەتەوەکان لەو تیئۆرییەدا لە کوێ خۆی نیشاندەدا و ساختاری قودرەت و شکل و شێوەی حکومەتی بە چ شێوەیەك دەبێ؟ بیرکردنەوەیەکی قوولێ پێویست نیە تا مرۆڤ تێ بگا کە ئەو ئیدەیە چەندە لاوازە و دوور لە ڕاستییە بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوەیی.

ئەم تیئۆرییە هەردوو دەرگای لەسەر خەڵکی کورد داخستووە، نەدەیەوێ هەوییەتی نەتەوەیی کورد بە مەسەلەی کوردەوە بەلکێنرێ و نەلەباری دیموکراسییەوە لە ماف تاکە کەس تێدەپەڕێ. مەنتق حوکم دەکات، ئەگەر لایەنگرانی تیئۆری شارومەندی نەیانەوێ باسی نەتەوە بکەن، دەبێ دیموکراسییەکەیان بەرینتر بکەنەوە و خوازیاری دابەشکردنی هێزو دەسەڵات بن لەناوەند بۆ بەشداریکردنی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسی سیاسی خۆیاندا.

.

چەمکی ئێنیسیتە لە پێناسەی ئاغای وەلی دا

گیروگرفتی ئاغای وەلی بۆ گەیاندنی مەبەستەکانی بە خوێنەری کورد لە لایەکی نەزانینی زمانی کوردییە و نەنووسین بەو زمانەیە، لەلایەکی تریشەوە بەکارهێنانی بە ئەنقەستی مانای داتەکاوی چەمکەکانە لە قاموسی سیاسی ئەودا. یەکێك لەو چەمکانەی ئاغای وەلی، تیئۆرییەکەی خۆی لەسەرداناوە((پیسی ئیتنیسیتەیە)). ئەوەی من لێرەدا باسی دەکەم، لەراستیدا ئەو مەفهومە چەواشەیە نییە کە ئاغای وەلی بۆ بزووتنەوەی کوردی هەڵدەبەستێ و دەیکاتە تاوان بۆ کوتانی هێزە سیاسییەکانی گەلی کورد. ئاغای وەلی کاتێ کە لە ئێتنیستە دەدوێ، تەنیا لایەنێکی ئەو چەمکە زەق دەکاتەوەو خوێنەری پێدەخاپێنێ کە: ئاگاداربن بزووتنەوەکەتان رەگەزپەرەستانەیە، پفەیە، لەبەر ئەوە ئێوە تاوانبارن!

ئاغای وەلی باش دەزانێ کە رەگەزپەرەستی بەو پێناسەیەی ئەو، لە جیهانی ئەمڕۆدا، نەدەوری هەیە و نەبرەوی سیاسی هەیە. ئەو ئیدۆلۆژییە کە تۆپخانەی تیئۆریکی زانکۆکانی ئەلمانی مێشکی خەڵکی ساکار و ساویلکەی کوچە و بازاڕی پێ بۆردمان کردو بوو بە هۆی کوژرانی 50ملیون مرۆڤ، ئیدی لەم سەردەمەدا، جیا لە حکومەتی رەگەزپەرەستی گورگەبۆرەکان لە

توركیا كە پاشماوەی هیتلەرییەكانن، لە شوێنێكی دیكەی ئەم جیهانەدا، بەو ڕواڵەتە ئاشكرایەوە دەرناكەوێ. ئاغای وەلی باش دەزانێ كە تاوانی ڕەگەزپەرەستی و بیرۆكەی ناسیونال سۆسیالیستی، بە بزووتنەوەكانی كوردەوە نانووسێ. ئەگەر ئاغای وەلی مەبەستی لە ناسیونالیزمی كوردی ئەوە بێ، بەهەڵەدا چووەو و لە سەنگەری گورگە بۆرەكانی تركەوە، ئاگربارانی بەرەی دیموكراتیخوازان و نەتەوەپەروەرانی كوردی كردووە.

ئەم چەمكە، بەو مانایەی كە ئاغای وەلی مەبەستێتی، تەنها لە كەمالیزمێكەی حكومەتی تركان رەنگدەداتەوەو كورد هەرگیز خاوەنی دەسەلاَت نەبووە، تا ئەوە لە هەڵسوكەوتی سیاسی خۆیدا نیشان بدا. خەباتی سیاسی كورد، بەدرێژایی مێژوو، بەربەرەكانی ئەو بیروبۆچوونە چەوتە دژی مرۆڤانە بووە. ئەو هەموو هەوڵەی ئاغای وەلی، بۆ داتەكاندنی ناسیونالیزم لەمانا و مەفهومی پێشكەوتنخوازانە و عادلانەی بەرامبەری گەلان بۆ ئەوەیە، ئەو ماركە ناڕەوایە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی كورد بدا، كە گوایە بزووتنەوەی كورد رەگەزپەرەستانەیە.

ئاغای وەلی بە ئەنقەست یان بە هەڵە، چەمكەكان تێكەڵ دەكاو لە غەیری مانای خۆیاندا كەڵكیان لێ وەردەگرێ. بۆ نموونە كاتێ كە باسی ئێتنیسیتە دەكا، بێ ئەوەی بۆ خوێنەری روون بكاتەوە، كە ئەو مەبەستی لەو چەمكە چییە، چۆن و بە چ مانایەكی بەكار دێنێ، كوت وپڕ، لەنێو چەوانی بزووتنەوەكانی كورد دەسرەوێنێ و خەباتی گەلی كوردی پێ مەحكوم دەكا. ئەوەش لە حاڵێكدایە كە بەربەرەكانی فاشیست و رەگەزپەرەستەكانی نەتەوەی فەرمانڕەوا لە توركیا، ئێراق و ئێران و سوریا، ئەو سیاسەتەیان بە درێژایی چەند سەدە پاش داگیركردنی كوردستان، دژ بە گەلی كورد رەچاو كردووە.

ئێتنیستە لە نووسراوەكانی ئاغای وەلی دا، تەنیا دیمەنی رەگەزپەرەستانەی هەیە و بە ئەنقەست بوارەكانی كۆمەلاَیەتی، فەرهەنگی، میللی لێ قرتاندووە. بۆ ئەوە وەكو ناسیونالیزمەكە، بۆ كوردی كردووەتە پەتا و بڤە و بە پیسی لەقەلەم بدا. ئەگەر ئاغای وەلی مەبەستی لە ئێتنیسیتە رەتكردنەوەی رواڵەتی كەمالیزمی ترك، فاشیزمی عەرەب و فارس بێ، كە بە درێژایی مێژووی داگیركەرانەیان لە كوردستان لە سیاسەتەكانیان رەنگی داوەتەوە، كوردیش لەگەلی هاودەنگە و بەستەی دەخاتە سەر. بەلاَم ئەگەر مەبەستی لە ئەتنیسیتە، چەمك و مەفهومی"نەتەوایەتی" بێ وەكو نەتەوەی فارس یان گەلی فارس، نەتەوەی ترك یان گەلی ترك، نەتەوەی عەرەب یان گەلی عەرەب، دەبێ بگوترێ ئەو پێناسەكردنە، كە ئەو بە پیسی لەقەڵەم دەدا، لەراستیدا، ئەوە مەلۆتكە وەشاندن و چەواشەكردنی مانا و مەفهومێكی ڕوونیی جێگرتووی سیاسییە بۆ داڕشتنی تیئۆرییەكی لاپرەسەنی و دوور لە واقیع و خەیالاَوی كە لە دونیای راستەقینەدا، چارەسەری كێشەی نەتەوەیی كورد، كە وەكو داخوازی هەموو نەتەوەكانی دیكەی جیهان وەلاَمی كۆنكریت و روونی هەیە، ناداتەوە. ئەو كارەش نە شیاوە و نە كاری پسپۆر و سیاسی و رووناكبیری كوردە كە سەر لە گەلەكەی بشێوێنێ. ئێتنیسیتە هەموو تایبەتمەندییەكانی كلتوری، فەرهەنگی، زبانی، مێژوویی و كۆمەلاَیەتی دەگرێتەوەو زەقكردنەوەی تایبەتمەندی رەگەزی لەو چەمكەدا، قەست و عەمدێكی ناڕەوایە بۆ كوتانی بزووتنەوەیەكی ڕەوا.

ئەو ئێتنیسیتەیەی ئاغای وەلی قەومگەرایی فارسەكانە و لەگەل بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلانی بندەست، بۆرە خزمایەتییەكیشیان نیە. ئاغای وەلی لە شیكردنەوەی باسی ئێتنیسیتەدا، تەنیا جەخت لەسەر رواڵەتی رەگەزیی و ڕەچەڵەك دەكا و بەئەنقەست بۆ كورد ئەو بەشە لە مەفهوومی بەربلاَوی ئەو چەمكە زەقدەكاتەوە. لە حالێكدا ئەوەی كوردی پێدەچەوسێتەوە، ئەو مانا و مەفهومەیە كە دوژمنانی كورد بۆ كوردی بەكاری دێنن و لە سیاسەتی دژبەریی خۆیاندا جێیان بۆ كردووەتەوە و بەڕێوەوەی دەبەن. ئاغای وەلی لە گزنگی ژمارە22دا، لە ژێرناوی مۆدێرنێتە و ناسیونالیزم، ئا بەو جۆرە، لە سەر ئەو چەمكە بۆ كورد دەدوێ: "ئەمن باسی ناسیونالیزمی سیویل دەكەم، بەو مانایە كە ناسیونالیزم لە مەسەلەی پیسی ئێتنیسیتە جوێ بكەمەوە، هەتا رۆژێكی ئێتنیسیتە لە ناسیونالیزم ببەسترێتەوە، پەیوەندی نێوان ئەقڵ و ئازادی كەم ڕەنگ دەبێ. جا ئەو باسە دێتە پێش، كە ئەتۆ، چۆن دەتوانی ناسیونالبزم لە ئێتنیسیتە جوێ بكەیتەوە، ئەوە كارێكی هێندە گران نییە و دەكرێ دابمەزرێ. كوردبوون باوەڕێكە، باری فەرهەنگی سیاسی هەیە."

با له وتەکانی ئاغای وەلی وەربینەوە و بزانین، مەبەستی لەم چەند دێڕە چییە. لەبەردا ئاغای وەلی باس لە ناسیونالیزمی سیویل دەکا. ئەو چەمکە ساختەیەش پێناسە ناکا و نالێ ناسیونالیزمی سیویل چییە؟ وا دیارە و دەبێ، ناسیونالیزمی غەیرە سیویلیش هەبێ. بەو پێیە دەکرێ، ناسیونالیزمی میلیتێری ، واتە نیزامی، ناسیونالیزمی ئەخلاقی، ناسیونالیزمی ئابووری، ناسیونالیزمی بنەماڵەیی-عەشیرەیی- ...هتد، هەبێ و تا ئێستا کوردی نەسویل و کێوی نەیانزانیوە، بۆیە کەوتوونەتە بەر ددانەی چەرخی گەردوون و هاڕیویانن. ئەم هەموو هات و هاوار و جاو ڕایەڵکردنەی ئاغای وەلی بۆ ئەوەیە بڵێ کورد داوای چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتی نەکات. ئەگەر دەیەوێ داوای تشتێك بکا، ئەو تشتە نابێ سیاسی بێ. چونکە دامودەزگای ئەمنییەتی نەتەوەی دەسەڵاتدار قبووڵی ناکا.

با ئاغای وەلی ڕاست و ڕەوان مەبەستی خۆی بۆ مەسەلەی کیانی نەتەوەیی کورد دەربڕێ و پێمان بڵێ، کورد مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەیە؟ ئایا هەقی هەیە، وەکو نەتەوەیەك داوای مافی وەك یەك و یەکسان بکات یان نا؟ ئەگەر وەڵامەکەی لە هەردوو حاڵەتدا"بەڵێ" بێ، ئەو کاتە ڕێگەی گەیشتن بەو ئامانجە، جیا لەوەی دەسەڵاتداران لە قانوونی بنەڕەتی دا دەینووسن، پێشنیار بکات. دەنا ئەوەی ئاغای وەلی، دەیدا بە کورد، لە بەرنامەی سەلتەنەتخوازەکاندا بە زیادەوە هەیە. جارێ باسی کۆماری ئیسلامی و قانوونەکەی ناکەم کە لە بۆچوونەکانی ئاغای وەلی گەلێ لە پێشترە. ئاغای وەلی خەباتی گەلی کورد بە ڕەگەزپەرەستانە لە قەڵەم دەدا. ئەو بۆچوونە یا لە ناشارەزایی لە مەسەلەی کوردەوە سەرچاوەی گرتووە یان بە ئەنقەست بۆ بەدناوکردنی بزووتنەوەی ڕەوای گەلی کورد، بە قازانجی داگیرکەرانی کوردستان هاتووەتە مەیدانی دژایەتیکردن لە گەل کورد. ئاغای وەلی لەو وتارەیدا واتە(لە مەسەلەی ناسیونالیزمی سیویلدا)، دوو فێڵی سیاسی دەکا. یەکەم مەسەلەی نەتەوایەتی کە ناسیونالیزمی پێشکەوتنخوازانەیە وەلا دەنێ و لە ئیتنیسیتە بەو مانایەی کە بۆ خۆی پێی خۆشە دەدوێ. واتە لەو مانا ڕەگەزپەرەستانە ڕۆژگار دزێوەی کە داگیرکەرانی کوردستان هەیانە و ئاغای وەلی وەپاڵ بزووتنەوەکانی کوردی دەدا و بوختانی پێ دەکا. ئاشکرایە کورد هەرگیز بە ناوی ڕەگەزپەرەستییەوە دژ بە داگیرکەران خەباتی نەکردووە، هەرچەند لە تاریکایی سەدەکانی دووریش دا بووبێ. لە حاڵێکدا، ئەو فکر و کردەوەی کە ئەو لەسەر ئیتنیك و شوینزم و ڕەگەزپەرەستی وەپاڵ کوردی دەدا، بۆ لایەنی دەسەڵاتدار، وەبەرچاو ناگرێ. بۆیە لە ڕاستیدا ئەو تیئۆرییەی ئەو، گوللەیە و بە سنگیی بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی کوردەوەی دەنێ. بە کورتی بڵێم ئەگەر بمەوێ لە یەك دێڕدا، ڕووالەتی تیئۆریکی ئەو "ناسیونالیزمە سیویلە" شی بکەمەوە، دەتوانم بڵێم کە ئەو مەبەستی لەو هەموو جۆلاییکردنە، بریتییە لە دابەزاندنی چەمکی ناسیونالیزم تا ئاستی مافی تاك لە کۆمەڵدا. واتە لەو ناسیونال سیویلەی ئەودا، دیموکراسیش بەو مانایە کە کورد مەبەستییە، جێی نییە. چونکە کورد کاتێ داوای هەبوونی دیموکراسی دەکا، بەر لە هەموو شتێك مەبەستی دابەشکردنی دەسەڵاتە. ناسیونالیزم بۆ کورد، جیا لەو چەمکە ناسراوە گشتییە کە: بریتییە لە دوکترینی دەسەڵاتداری نەتەوە، هیچ مانایەکی دیکەی ناتوانێ هەبێ.

## ئۆلگۆی چەمکی شارومەندی

ئۆلگوی مافی شارومەندی، دیموکراسی نوێنەرایەتییە. وایدادەنێین لەباروودۆخێکی تایبەتیدا، هەلێکی لەبار بۆ هەڵبژاردنێکی ئازاد و گشتی لە ئێراندا دێتە ئاراوە. بە پێی پرەنسیپ، نوێنەریی هەڵبژێردراو لەسەریەتی ماف و بەرژەوەندی ئەو کۆمەڵە خەڵکە لەبەرچاو بگرێ کە ئەویان ناردووەتە پەرلەمان. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەیەکە کورد لە ئێراندا14تا15لە سەتی دانیشتوانە، نوێنەرانی کورد لە پەرلەماندا هەر کەمایەتین. گریمان بیانەوێ باس لە چۆنییەتی دابەشکردنی"بودجە"لە وەڵات بێننەگۆڕێ، داخوا لەو حاڵەتەدا نوێنەرانی کورد کە لە کەمایەتیدان، دەتوانن چ بکەن؟ خۆناکرێ نوێنەرانی شارەکانی دیکەی ئێران کە بە پێی پرەنسیب دەبێ خۆیان لەبەرامبەر ئەوانەی کە ڕەئیان پێداون، بەرپرس بن، دان بە مافی یەکسانی بۆ کورد دابنێن. بۆیە نوێنەرانی کەمە نەتەوە هەروا لە کەمایەتی دەمێننەوەو ئاکامەکەی هەر ئەوەیە کە ئێستا دەیبینین.

www.ruk2691.org

بەڕەواڵەت کوردیش خاوەنی نوێنەرە لە پەرلەماندا. حکومەتیش سوپاس بۆ خوا ئیسلامییە و گورگ و مەڕ لە دەشت و سارا وێکرا ئاو دەخۆنەوە و پێکەشەوە لە مانگەکانی موحەڕەمدا دەچنە سازمانی دەنگ و ڕەنگ بە چیرۆکی تتلیل و بیبل یاریدەکەن و ئیتر ئەفسانەی وسێن و یەزید و کۆنە چیرۆکی1400ساڵ لەمەوبەرەوە، هەموو دەبێ عەداڵەتی ئیسلامییان تا ئێستا پێگەیشتبێ!

مەسەلەی کورد، مەسەلەی دەسەڵاتە!

ئەم پڕۆژەیە بێ بنەمایە و وەڵامی مەسەلەی کورد ناداتەوە و ڕێگاچارەیەکی بۆ گیروگرفتی سیاسی نەتەوەی کورد پێ نیە. هەر مرۆڤێك کە لەم سەردەمە پڕ ئاڵوگۆڕەدا دەژی، دەتوانێ چاوەڕوان بێ کە کوردیش وەکو گەلانی دیکە، خاوەنی هەقی بەرابەر بێ. پرسیار ئەوەیە کە ئایا لە ڕوانگەی ئاغای وەلی یەوە، کوردیش بۆی هەیە و مافی ئەوەی هەیە بە مافی نەتەوایەتی خۆی بگات؟ بێ گومان وەڵامی ئەم پرسیارە لە تیئۆرییەکەی ئەودا جێی نابێتەوە، چونکە ئەو پێی وایە کە ئەو باسە لە چوارچێوەی قانوونی بنەڕەتی، واتە قانوونی ئەساسیدا جێی نییە و ئەگەر ئەو باسە بێتە ئاراوە، سرووشتی مەسەلەکە ڕۆمای ئەمنییەتی پەیدا دوکا و داخوازکەران سەروکاریان لەگەل دامودەزگای ئەمنییەتی دەبێ و ئەو مافە بۆ ڕژێم پەیدا دەبێ کە بۆ ئەهوەنکردنەوەو پاراستنی تەواوەتی وەڵات دەست بکا بە کوشتوبڕو وێرانکردن و سەرئەنجام نابوودکردنی کورد. ئەوە بەردی بناغەی ئەو تیئۆرییە کە بە ناوی مۆدێرنیزم و مافی شارومەندی ناوکی دەبڕدرێ. چۆنییەتی وەڵام بەو پرسیارە گەلێك گرنگە بۆ چۆنییەتی تێڕوانین لە دۆزی کورد، چونکە ئەگەر مەسەلە و دۆزی کورد وەك مەسەلەیەکی سیاسی و ڕزگاریخوازانە سەیر بکرێ، مانای ئەوەیکە کورد داوای دەسەلات دەکا. بەشداری لە دەسەڵاتیش بەمانای ڕەتکردنەوەی سانترالیزم و دیکتاتۆری و تۆتالیتاریزمە. هەموو شارەزایەکیش لە سیاسەت دەزانێ کە سیاسەت لە مانایی هەرە بەرینیدا بۆ دەسەڵاتە.

ئەگەر لە ڕۆژگاری ئەوڕۆدا کورد تا ئێستا بۆی نەلواوە، دەسەڵاتێکی نەتەوەیی پێکەوە بنێ، لانی کەم دەتوانێ خوازیاری دابەشکردنی دەسەڵاتی ناوەند بێ و گەلی کوردیش لەو دابەشکردنەوەدا هاوبەش بێ. سرووشتییە کورد ناتوانێ کار بکا، مالیات بدا، بەرهەم و کانگای زەوت بکرێن و لەم لاشەوە لەمافی بڕیاردان بێ بەش بکرێ. مەسەلەکە ئەوەیە کە داخوا مەسەلەی کورد سیاسییە یان مەدەنییە؟ ئەگەر مەسەلەی کورد سیاسییە نەخش و دەوری دەسەڵات بۆ کورد چۆنە؟ قودرەت چۆن دابەش دەکرێ و مافی ئابووری، سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکەی چۆن وەدی دێ و سەرچاوەی ئەو مافانە دەگەنە کوێ و لە کوێرا دێن؟

کاتێ باس لە ماف دەکرێ، کتوپڕ دەسەڵات قووت دەبێتەوە کە دەڵێن"الحق يكمن في القوه"ڕاستە. ئەگەر دەسەڵات لە ئارادا نەبێ، مافیش نایەتە جیهانی وجوودەوە، ئەگەر خاوەن دین نەتوانێ و دەسەڵاتی نەبێ، دینەکەی لە دیندار وەربگرێتەوە، دینەکەی سووتاوە.[18]

بەواتایەکی تر"بوونی"دەسەڵات" مانای بوونی ئازادییە، نەبوونی دەسەڵاتیش مانای نەبوونی ئازادییە"[19]

ئەگەریش نا مەسەلەی کورد تەنیا مافێکی مەدەنییە، ئیدی ئەوە پێویستی بە خەبات و هەوڵ وتێکۆشانی سیاسی نییە و خەڵکی کورد بۆی هەیە بەردەوام و بێ لەمپەر بچێتە دامودەزگاکانی مەدەنی ڕژێم. واتە لێرەدا نە باسێك لە هوییەت و مافی نەتەوایەتی هەیە و نە لە دابەشکردنی دەسەڵات و نە لە مافی یەکسانی مرۆڤ، ئەوەی هەیە خۆ ڕێکخستنە لەگەل نەزمی

---

18/ چەپ لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، کۆمەڵە و دۆزی ناسیونالی کورد، بەرگی یەکەم، ئەیوب ئەیوب زادە.

19 : د.جەمال نەبەز، هێندێك لە کێشە بنەڕەتەکانی قوتابخانەی کوردی سۆسیالیزم. بەرگی یەکەم،لا50.

داسەپاوی دژی مرۆڤ. چونکە لە عالەمی واقیعدا بەبێ پشتیوانیکردنی قودرەت و دەسەلأت مافێکیش جوودی نابێ. هەر بۆیە هەوییەتی نەتەوەیی کورد لە هیچ جێگایەکی ئەو تیئۆرییەدا، شوێنەوارێکی لێ نابینرێ، بۆ تیئۆریکی وەلأمدەر ڕێزلێنان لە ماف و ئازادییە فەردییەکان بەمانای نکوڵیکردن لە هوییەتی بە کۆمەڵی نەتەوەکان نیە. هەر وەك دیفاع لە هەوییەتی بە کۆمەڵی نەتەوەیەك ناتوانێ بە بەمانای وەژێر پێنانی ماف و ئازادییەکانی تاکەکانی کۆمەڵ بێ. پەیوەندی نێوان ئەم دووانە، پەیوەندییەکی ئۆرگانیك و زیندووە و دەرهاوێشتنی هەرکام لەو دوو لایەنە، ناتوانێ بۆچوونێکی واقیعبینانە بێ. بۆ ئەوەی دیموکراسی تەنیا درووشمێکی بریقەدار نەبێ لە بازاڕی رامیاریدا، دەبێ ڕێگەی ئەوە بە کورد بدرێ باسی خۆی بکا و داوای مافی یەکسانی نەتەوەیی لە دەسەلأت و بڕیارداندا بێنێتە گۆڕێ.

یەکێك لە خاڵە هەرە گرینگەکان کە سەرچاوەی دابینکردنی دیموکراسییە و لایەنگرانی تیئۆری شارومەندی هەوڵی وەلانان و کەمڕەنگکردنی دەدەن، مەسەلەی مافی یەکسانی نەتەوەکانە. لانگرانی ئەو چەمکە پێیان وایە بەم بەناو ریفۆرمە ڕەگەزپەرەستەکانی نەتەوەی فەرمانڕەوا، ناچار دەکەن لە درووشمی ڕەگەزپەرەستی دەست هەڵگرن، تا نەتەوەکانی دیکەش لە مافی سیاسی خۆیان بۆ دیاریکردنی چارەنووسیان دەست هەڵبگرن. ئەوە لە دوو لاوە سەرناگرێ. نە نەتەوەی دەسەلأتدار ئەو کارە دەکاو نە نەتەوەی بێ دەسەلأت. ناتەبایی چارەهەڵنەگری کۆمەڵیش یارمەتی بە بەردەوامی ئەو ناتەباییە دەکا. دابەزاندنی مەسەلەی کورد بۆ ئاستی مافی تاك لە کۆمەڵدا کە شارومەندخوازەکان پروپاگەندەی بۆ دەکەن لە راستیدا چەواشەکردنی مەسەلەکەیە بەرەو ناریارە وەلأت. بەتایبەتی بۆ وەلأتێکی فرە نەتەوە ئەم چەمکە گەلێك نائاسایی و غەریب دێتە بەرچاو و کاردانەوەکەی بە پێچەوانە دەبێ.

لێرەدا دەبێ ئەو مافە لە بری تاك، جێگای خۆی بدا بە نەتەوە و کۆمەڵ و باسکردن لە بەرامبەری گەلان دەبێ بێتەئاراوە. دەبێ قانوونی بنەڕەتی وەلأت بەو جۆرە بنووسرێ کە گەلانی جیاواز و دانیشتوو پێکهێنەری وەلأت لە ئاست یەکتردا بەرامبەرێتی و مافی وەك یەکیان هەیە. دەنا نووسینی ئەوە کە تاك خاوەنی مافی وەك یەکە، وەبەر چاوگرتنی لایەنێکە ئەویش فریودانی خەڵکە.

لەو کۆمەڵگا مەدەنییەدا کە تەبلیغی بۆ دەکرێ، مەسەلەی ئەو نەتەوانەی کە لە دەسەلأتدا نین نایەتە ئاراوە. لەو کۆمەڵگا مەدەنییەدا، دەسەلأت هەر هی نەتەوەی فەرمانڕەوایە. سانتڕالیزمەکە کە ڕێگە نادات دەسەلأت دابەش بکرێ نەتەوە ژێردەستەکان لە دەسەلأتدا بەشداری بکەن، بۆیە هێنانەگۆڕێ مافی سیتزن و دانای لە جێی مافی سیاسی نەتەوە پێشێلکردنی ئەسلێکی سرووشتییە. نەتەوەکان مافیان وەکو یەکە. بێبەشکردنی گەلی کورد لە مافی سرووشتی خۆی ناتوانێ هیچ بنەمایەکی سیاسی و حقوقی هەبێ. هەروەك بە پاڕانەوەو دوعاکردن، پێش بە کوڵانی ئاو لە سەر گڕێ ئاگر ناگیرێ، راستییە کۆمەلأیەتییەکانیش بەو تیئۆرییە لاپەرەسەنە ناگۆڕدرێن. ئەو تیئۆرییە وەك گوترا بۆ نە سیاسیکردنی مافخوازی نەتەوەکان و ڕووپۆشکێشانە بەسەر سیاسەتی تواندنەوەو ئاسیمیلەکردنی گەلان. ئەوانەی بە ڕواڵەت بەناوی دڵسۆزیکردن بۆ کوردو نیشاندانی دیمەنی پێشکەوتنخوازانەی ئەو خەتە تەبیلغ دەکەن، لە راستیدا دەیانەوێ کورد بۆ هەمیشە لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و دامەزراندنی کیانی خۆی بێبەش بکەن.

هەڵویستی تا ئێستای حکومەتەکان هەر ئەوە بووە کە شارومەندخوازەکان دەیانەوێ. لە ڕژێمی شاه دا بە پێی قانوون هەموو وەك یەك مافیان هەبووە، لیباس ئازاد بوو، قسەکردن بە کوردی ئازاد بوو، ئایین ئازاد بوو. بە پێی قانوون هەموو تاکێکی کورد، عەرەب و بلوچ دەیانتوانی ببنە دەسەلأتداری حکومەتی، بەلأم وەکو نەتەوە هاوارکردن بڤە بوو. کەس نەیدەتوانی بڵێ من نەتەوەیەکم هەیە و داوای مافی وەك یەکی گەلان دەکەم. ئەوە مەسەلەکەی دەخستە نێو ماڵی ئەمنییەتی و ساواکەوە.

هەموو هەوڵی کەمالیستەکانی تورکیا و شونیستەکانی نەتەوەی فەرمانڕەوا لە ئێران ئەوەیە کە مەسەلەی کورد ئاوا نەیەتە گۆڕێ. چونکە لێرەدا دابەشکردنی دەسەلأت و تێکوپێکدانی ناوەندی زۆر و ستەم دێتە ئاراوە و دیموکراسی رواڵەتی راستەقینەی خۆی پەیدا دەکاو سانتڕالیزمەکەیان لێ تێك دەداو دیموکراسی بەو مانایەی کورد و نەتەوەکانی دیکە دەیانەوێ

www.ruk2691.org

کۆشکی مەزنایەتی و شکۆی لە مێژینەیان لێ تێك دەقرمێنێ. چەند ساڵ لەمەو بەر یاشار کەمال لەوتارێکی دا بەناوی"کاروانی درۆ"، هەموو شتێ لە باریکیدا دەپسێ و زۆرداری لە ئەستوریدا، لەچەند دێڕێکی وتارەکەیدا ئاماژە بە بابەتێکی گرینگ دەکات کە هەر دەڵێی ویستویەتی وەڵامی ڕوانگەکەی ئاغای وەلی بداتەوە و دەنووسێ" کوردێك بۆی هەیە، بەڵێ دەتوانێ باشترین پلەو پایە لە بواری سیاسی و عەسکەری بە دەست بهێنێ، بەڵام بە مەرجێك دەبێ ئەو کەسە واز لە کوردبوونی خۆی بهێنێ، ئەو قسەیەش هەموو ئەو کوردانە دەگرێتەوە کە لە دامودەزگای تورکییە کاردەکەن. وازهێنان هەر بەوەندە ڕاناوەستێ، بەڵکو دەبێ واز لە ناوی"تورکی چیایی" ش بێنێ کە دەسەڵاتدارانی تورکییە خۆیان ئەو ناوەیان بەسەردا سەپاندوون. ئەو کوردە بە تورککراوانە لەو بەینە تیاداماون، بۆ ئەوەی باوەڕیان پێ بکەن، دەبێ لە تورکەکان تورک تر بن. ئەوەش وای لێیانکردووە کە جێگایەکی نەشاز بگرن بە بەراوردکردنیان لەگەل تورکەکان، ئەو کەسانە وەك قەلەڕەشیان لێ هاتووە کە ویستی وەك تاوس بڕوات، ڕۆیشتنەکەی خۆشی لەبیرچووە)[20]

ئاغای وەلیش پێی وایە بۆ ئەوەی چی دیکە مەسەلەی کورد نەچێتە خانەی ئەمنییەتییەوە و بۆ ئەوەی ئیمکانی ئەوەی بۆی بلوێ لە پرۆسەی دیالوك و دانووساندندا خۆی ببینێتەوە، بیرێکی ژیرانە هەڵیدەگرێ و ڕوو لە کوردان دەکا و دەڵێ"**لکاندنی هوویەتی کوردی بە مەسەلەکانی حاکمییەت و یەکپارچەیی دەوڵەتەوە، شتێك کە زۆر بەرچاو بووە، بێ کەڵك بوونی خۆی لە بواری چارەسەرکردنی دیموکراتیانەی مەسەلەی کورد لە ئێراندا سەلماند، چونکە ئەمە هەمیشە ئەو توانایيە و دەسەڵاتەی دەدا بە حکومەتی ئێران کە لەگەڵ ئەو پرسە وەکو مەسەلەی ئەمنییەتی نەتەوەیی و حاکمییەت هەڵسوکەوت بکا، بەشێوەیەکی کاربڕ و دەستبەجێ لە پرۆسەی سیاسییەوە بیخاتە نێو پرۆسەی عەسکەریی، وەکوو بابەتێکی عەسکەریی نیشانی بدا کە ڕاستەوخۆ بە مانەوەی نەتەوەی ئێران و دەوڵەتی ئێرانی گرێدراوە. ئەوە کاکڵی بابەتەکەیەو، بناغەی بۆچوونی ڕەسمی و نیشاندانی ڕەسمی مەسەلەی کورد وەکو مەسەلەیەکی حاکمییەتی ئێران دادەڕێژێ و بەم پێیە دەبێتە پشتیوان و پاڵپشتی((چارەسەری عەسکەری))لەلایەن دەوڵەتەوە.**[21]

گەران بەدوای خاڵی هاوبەش لە سێ دیمەندا

بەخێرایی با و بروسکە، لەدوای خویندنەوەی ئەو بەڕگەیە لە پڕۆژەکەی ئاغای وەلی، تابلۆی سێ دیمەن سەرەنجمی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، پاشان دوای شیکاری هەر سێك دیمەن، بیرۆکەی گەڕان بە دوای خاڵە هاوبەشەکانی ئەو سێ دیمەنم لا درووست بوو.

دیمەنی یەکەم:

بەپێی تیئۆری ئاتاتورك لە تورکیا هەر تورك هەیە و بەس. ئەگەر کەسێك داوای ماف بکا لە تورکییەدا ئەوە تورکە و کەسی تر بۆی نیە مافێکی هەبێ. واتە کەمالیزم لە بەرامبەر ئاپارتهایدی ئەفریقای باشووردا زۆر دژی مرۆڤانەترە. لە کەمالیزمدا

---

[20] / یەشار کەمال، کاروانی درۆ.

[21] / ئاغای عەباس وەلی، مەسەلەی کورد و قەیرانی...گزینگ، ژ28

کورد کاتی مافی هەبوونی هەیە کە هوییەی نەبێ و بڵێ من تورکم. واتە من خۆم نیم و من تۆم! ئینجا بۆی هەیە لە مافی مرۆیی ترک بوون کەڵك وەربگرێ.

دیمەنی دووهەم:

بەڵام لە سیاسەت و ئیدۆلۆژیی راسیستی ئاپارتەهایدا ئەوە پلەیەك پێشکەوتووترە، چونکە لەوێ سپی پێستی خاوەن دەسەڵات بە رەشووکە ناڵێ تۆ وجودت نیە، بەڵکو پێی دەڵێ تۆ هەی، بەڵام، رەشی. تۆی رەش بۆت نیە بێی و لە مەکتەبی من بخوێنی، بەرەو سواری پاسی خۆت بە، سواری شەمەندنەفەری من مەبە، سفەرەو خوانی خۆت تێکەڵ بە من مەکە! بەڵام ئاپارتهاید لەگەل هەموو سیما و نێوەڕۆکی دژی مرۆڤانەی، نایەوێ هوییە و کەسایەتی رەشپێستەکان دابماڵێ و حاشا لە بوونی بکات، بۆیە ئاپارتهاید پلەیەك یاخۆ تۆزۆکەیەك لەسەرو کەمالیزمەوەیە.

لە دیمەنی سێهەمیشدا:

ئەو برگەی ئاغای وەلی سەرەنجمی بۆ لای خۆی راکێشا، کە نووسیویە" لکاندنی هوویەتی کوردی بە مەسەلەکانی حاکمییەت و یەکپارچەیی دەوڵەتەوە، شتێك کە زۆر بەرچاو بوو، بێ کەڵکبوونی خۆی لە بواری چارەسەرکردنی دیموکرانییانەی مەسەلەی کورد لە ئێراندا سەلماند... بۆیە داوا لە کوردان دەکات، چی دیکە بۆ لکاندنی هویەتی کوردی خۆ سەرقاڵ نەکەن. ئینجا ئەو پرسیارەم لا درووست بوو، تۆ بڵێی گەڕان بەدووی خاڵی هاوبەشی ئەم سێ دیمەنە، کارێکی بێ کەڵك بێ؟ تۆ بڵێی ئەم سێ دیمەنە خاڵی هاوبەشیان لەنێواندا نەبێ و نەتوانن بەرێکەوتن لەسەر خاڵێکی هاوبەش بێن بە یەك؟ ئەو خاڵە هاوبەشەش، تۆ بڵێی شتێك جگە لە حاشاکردن لە هوییەتی میللی و نەتەوەیی کوردان بێ؟

بەڵێ، بێ سێ و دوو لێکردن، دەتوانین بڵێین هەر سێ دیمەن لە خاڵێکی هاوبەشدا بەیەك دەگەن. لە کەمالیزم و ئاپارتهایدا دژ بەر داوای نەفی کردنی هوییەت و مەوجودییەتی نەتەوایەتی دەکات، ئینجا بە قبووڵی ئەو ئەسلە بۆت هەیە بژی. بەڵام ئەگەر بمانەوێ بە راشکاوی بدوێین، تیئۆرییەکەی ئاغای وەلی پلەیەکیش لە کەمالیزم و ئاپارتهاید نزمترە، چونکە لەو تیئۆرییەدا، داخوازانە داوا لە کورد دەکات، دەست لە سەروەری نەتەوەیی خۆی هەڵبگرێت و خۆی لە دژبەرەکەیدا بتوێنێتەوە. جگە لەوە کار ئاسانییەکی تریش بۆ دژەبەریی کورد دەکات، ئەویش ئەوەیە، ویستی ئاسیمیلەکردن بە بێ هیچ خەرجێك-بە بەلاش و حەلاش- بۆ نەتەوەی فەرمانڕەوا جێبەجێ دەکات و لە کەوڵی مۆدێرنێتەدا، ئەوەیکە داگیرکەرانی کوردستان دەیان ساڵە خەونیان پێوە دیوە، بۆیان تیئۆریزە دەکات.

ئاغای وەلی لە جێگای ئەوەی بینی واقیعییەتی مەسەلەی کورد و ویست و داخوازی لە مێژینەی کوردان لە تیئۆریکی ئاوادا رەنگ بداتەوە، لەجیاتی ئەوەی لە تیئۆریکەکەیدا خوازیاری رێزدانان و رەسمییەت ناسینی هویەت و تایبەتمەندییەکانی نەتەوەی کورد بێ، دینێ رێگاچارەسەرەیێك دەخاتە روو، کە بە کردەوە تەنیا دەتوانێ خزمەت بە داگیرکەرانی کوردستان بکات.

خەونی بەتاڵ

لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەو هۆیانەی باسیان لێوەکراوە، دەتوانین بڵێین، بەردی بناغەی ئەم پرۆژەیە لەسەر"تەوەهمێکی لیبڕاڵی" هەڵچنراوە. نایەکسانی نەتەوەکان لە ئەساسدا نە لە قانوونەوە سەرچاوە دەگرێ و بە بەتەنیایی بە ریفۆرمی یاسایی دەتوانێ وەڵام وەربگرێتەوە. مەسەلەی کورد دیاردەیەکی مێژوویی، سیاسیی، ئابووری و کۆمەڵایەتییە و تەنیا بە تیئۆری یەکسانی و یاسایی ناتوانێ چارەسەر بێ. بەو هۆیە نایەکسانی لە هەموو رووییەکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ نایەکسانی لە نەبوونی دەسەڵاتدا. ئەم پڕۆژەیە، چیرۆکێکی خەیاڵی و فەنتازیایەکی بە دوور لە ژیانی واقیعە، دابەشبوونی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بە

نەتەوەی جۆراوجۆر، ڕەوتێکی مێژوویی و عەینی و واقیعی و سەربەخۆ لە ئێرادەی ئێمەمانانە و هەبوونی نەتەوەی جیاواز بەمانای قەبووڵی ناسیونالیزمی جیاوازە. بوونی ناسیونی جیاوازیش، بەمانای هەبوونی ماڤ درووستکردنی دەوڵەتی سەربەخۆی جیاوازە. ماڤ دەوڵەتی جیاوازیش، بەمانای هەبوونی ماڤ بڕیاردانە بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتی کۆکراوەی ناوەندو دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابوورییە بەسەر نەتەوەکانی دانیشتوی ئێراندا. دیموکراسی بۆ کورد تەنیا دەتوانێ لەو کاتەدا مانایی هەبێ کە بناغەی حکومەت لە تاران هەڵدەتەکێنرێ و سەر لە نوێ دابڕێژرێتەوە.

کۆپیکردن و ئۆلگو هەڵگرتنەوەی ڕێگای دوور بە مەبەستی داسەپاندن لە هەریم و کەش و هەوایەکی تر، کارێکی هاسان نیە.

ئەگەر تیئۆریەك پڕ بە پێست وەڵامدەر نەبێ، واز لێ هێنانی باشترە لە باسکردنی.

ayoubzadeh@t-online.de